
# خواپەرستی ئەهلی ویساڵ

## پەیامەکانی حەق و نوور... پەیامی یەکەم



نوسینی

شێخ عەباس فازڵ حەسەنی

وەرگێڕان و تەخریجاتی

مەلا ڕەزوان ناسراو برینداری شاعر

پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی یەکەم


# خواپەرستی ئەهلی ویساڵ


دانەر

شێخ عەباس فازڵ حەسەنی سامەڕائی

وەرگێڕان و تەخریجاتی

مەلا ڕەزوان ناسراو بریندارى شاعر



# خواپەرستی ئەهلی ویساڵ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ
وَأَخْبَتُوا إِلَىٰ رَبِّهِمْ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ
الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾

صَدَقَ اللَّهُ الْعَظِيمُ

[سورة هود] الآية «٢٣»

# پێشەکی وەرگێر

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد العارفين سيدنا محمد وعلى آله وصحبه الى يوم الدين .

أَمَّا بَعْدْ :

خواناسەکان لەرِێ ی بەندایەتیەوە گەیشتن بە پلەی نزیکی لە پەروەردگار، وە چوونە نێو ئەو بەهەشتەوە کەخوای گەورە دەرهەقیان ئەفەرموویێت ﴿وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ﴾[1] ئەوان رۆیشتن و لێڵەکان لە دونیا مانەوەو دونیایان تاریك کردو بوون بە هەورێکی رەش بەسەر خەڵکەوە، خەڵکانیش لە تیشکی خۆری خواناسەکان بێ بەش بوون، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێمە کە ماددە زاڵ بووە بەسەر دڵ و دەروونی خەڵکیدا، بۆیە ئێمەش وەك ئەرکێکی ئایینی هەستاین بە وەرگێڕان و تەخریجاتی فەرموودەکانی ئەم پەیامە پیرۆزە کە زاناو خواناسی سەردەم جەنابی شیخ عەبباس نوسیویەتی بۆ رێبوارانی رێگای مەعریفەت و حەقیقەت، تا بەو نوورە هەوری رەش لە ئاسمانی دەروونەکان لابدات و نەبێتە رێگر لەبەردەم خاوەنی تیشکی عەرشی مەزن، تا ئەبێتە ئەهلی ویسالٚ

[1] الرحمن ٤٦ ( بەڵێ دوو بەهەشت هەیە بۆ ئەو کەسەی کە ترسی راوەستانی بەردەم پەروەردگاری هەیە ) جیا لەو بەهەشتەی دوارۆژ هەر لەدونیاش دەیخاتە نێو بەهەشتی ئیمان و خواناسی و ئیحسانەوە . وەرگێر

هۆگرو هاودەم بێت بەخوا، وە ئوقرەی نەبێت جگە لەو، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینە هەر ئەوە ئەوانی تر هەمووی فانی و لەناو چووە، جا خۆشەویستان پەیامی ئەهلی ویساڵ پەیامێکە بۆ گەیشتن بەپلەی خواناسی، وە نزیکی لە پەروەردگار، پەیامێکە بۆ هەوڵدان و گەڕان بەدوای حەقیقەتدا پەیامێکە بۆ خۆناسین و خەڵك ناسی و خواناسی.

"خوێنەری بەڕێز"

* هەستاوم بەتەخریج کردنی هەموو ئەو فەموودانەی کە جەنابی شێخ هێناویەتی وە حوکمی فەرموودەکان لەڕوانگەی شەرعەوە گشتیانم لەپەراوێزا نوسیوە.
* دەقی فەرموودەکانم بە زمانی عەرەبی نەهێناوە تەنها لە چەند شوێنێك نەبێت، چونکە لەبەر قەبارەی کتێبەکە.
* هەر کاتێك لە پەراوێزا ئەم نوسینەت بینی بونمونە(ب١/ل٤٥/ژ٤٦٥) مەبەستم بەرگی کتێبەکەو لاپەڕەی کتێبەکەو ژمارەی فەرموودەکەیە کەلەو کتێبەم نەقلّ کردووە.
* وە ئەگەر ئەمەنت بەرچاو کەوت نیشانەی ساڵی وەفاتی ئەو کەسەیە بەساڵی هیجری واتە: کۆچی (و٥٦٤ھ).
* وە ناوی سەرچاوەی کتێبی فەرموودەناسەکان کە زۆر بەناوبانگە

نەم نوسیوە، بەتایبەتی شەش ئیمامەکە، چونکە لای ئەهلی زانست ڕوون و ئاشکرایە، تەنها ئەوەم نوسیووە کە کێ ڕیوایەتی کردووە، وە ژمارەی فەرموودەکە چەندە، وە لەزۆر شوێنیش ناوی سەرچاوەکانم نوسیووە.

* هەندێك شتم زیاد کردووە کە لە عەرەبییەکەدا نەبوو، ئێمەش پێمان باش بوو زیادی کەین.

* وەئەگەر لەپەراوێز بوخاری و موسلیمت بینی یاخود بە تەنیا یەکێکیان بێ ئەوەی گومانت لا دروست بێت فەرموودەکە وەرگرە، چونکە ئوممەتی ئیسلام لەسەر صەحیحی فەرموودەکان یەکدەنگن.

* جەنابی شێخ و من چەند فەرموودەیەکی بێ هێزمان هێناوە لەم پەیامە ئەمەش بۆ کاری خێرو چاکە زانایان ڕێیان پێداوە یەکێك لەوانە ئیمامی نەوەویە کە ئەفەرمووێت : ( زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە کار بە فەرموودەی بێ هێز بکرێت بۆ (فضائل الأعمال) خێرو چاکە)[٢].

داواکارم لەخوێنەری بەڕێز گەر هەر هەڵەیەکت بەرچاو کەوت ئاگادارمان بکاتەوە یاخود چاو پۆشیمان لێ بکات چونکە کەس لە هەڵە بەدەر نیە تەنها خواو پێغەمبەر نەبن (ﷺ)، وە سوپاسی

[٢] (شرح الأربعين النووية لابن دقيق العيد) (ل٢٠) بڕوانە پێشەکی ئیمامی نەوەوی لەو کتێبە

هەر کەسێك ئەکەم کە یارمەتی دام بۆ ئامادەکردن و وەرگێڕان و لە چاپدانی ئەم پەیامە پیرۆزە، لـە خـوا داواکـارم ئـەم کـارە بکاتـە خێرێکی بەردەوام بۆ ڕۆحی هەموو پێغەمبـەران و پیـاو چـاکان و ئیماندارانی گشت ئوممەتەکان هەتا ڕۆژی دوایی . ئامین

خزمەتکاری دین و ئوممەت
مەلا ڕەزوان ناسراو بریندارى شاعر
١٤٣٨/١/١٢ کۆچی
٢٠١٦/١٠/١٣ زاینی

## * كورتەیەك لەژیانی دانەر *

ناوی (سەید عەبباس سـەید فاضـل سـەید علـی حەسـەنی نەقشەبەندیە) لە سالْی (١٣٧١ھ / ١٩٥١ز) لە گـەڕەکی قەلعـەی سەر بەشاری سـامەڕای عێـڕاق لـەدایك بـووە، نـەژادی بـەڕێزیان ئەچێتەوە سەر حەزرەتی حەسەنی کوڕی حەزرەتی عـەلی (علیهما السلام والرضوان).

سەرەتای خوێندنی لەقوتابخانەی (قەلعەی سەرەتایی) لەشاری سامەڕا لەسالْی (١٩٥٩ز) دەست پـێ کـردووە، دواتـر خوێنـدنی ناوەندی لەقوتابخانەی (موعتەصەم) و ئینجـا قوتابخانـەی زانسـتە ئاینیەکانی هەر لەو شارە تەواو ئەکات، وە بەخزمەت زانـای بـەرز (سـەید أحمـد ڕاوی) گەیشـتووە، وە لـە لای ئـەم زانایانـەش خوێندوویەتی (شێخ ئەیوب خەتیب و شـێخ مـوخلص ڕاوی وشـێخ مەهدی سەید مەحمود کاظم وشێخ حوسـێن محمـد عـەرەب وشـێخ ماجد سید أحمد عبد ربە)(ﭫ)، ئینجا بۆ خویندن چۆتە کۆلێـژی زانستە ئیسـلامیەکان لەشـاری بەغـداو بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لەبەشی (ئوصول الدین "عەقیدەو فەلسەفە) وەرگرتووە، لەو کاتەدا ئەم زانایانە وانـەیان گوتوەتـەوە لـەو کولێـژەدا (دکتـۆر بەڕەکـە ئەزهەری و دکتۆر شافعی ئەزهـەری و شـێخ محمـد نـەمر خـەتیب لوبنانی فەلەستینی)(ﭫ)، دواتر بەهۆی بینـینی خەوێکـەوە بـە

خۆشەویست و سەروەرمان حەزرەتی محمد(ﷺ) لە خەودا فەرمانی پێ ئەکات کە بچێتە خزمەت حەزرەتی شێخ مصطفی نەقشەبەندی کە ئەو کاتە ئەم زاتە موبارەکە یەکێك بووە لە زانا هەرەبەرزەکانی جیهـــان، وە یـــەکێك بـــووە لەمورشـــدە ڕاســـتەکانی ڕێبـــازیی نەقشەبەندی، جاکاتێك دێت بۆ شاری هـەولێر دەچـێتە خزمـەتی، شێخ عەبباس پێ ی ئەفەرمووێ : (السَّلام عليك ياوارِثَ رَسُولِ الله) واتە: سەلامی خوات لێ بێت ئەی میراتگـری پێغەمبـەر (ﷺ)، جەنابی شێخ مصـطفاش لـە وەلاّمـی دا ئەفـەرموێت: (وعلـيكم السلام يامَبعُوثَ رسول الله) واتە: سەلامی خوا لەسەر تـۆش بێـت ئەی نێردراوی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەمە یەکەم جـاربووە یـەکتر ببیـنن، ئەمـەش یـەکێك بـووە لەکەڕاماتـەکانی حـەزرەتی شـێخ مصطفی، ئینجا لە خزمەتی زۆر دەمێنێتەوەو لە نێوان سـاڵەکانی ١٩٧٨_١٩٨٠ ئەبێتـــە موریـــدی ئـــەو و ئیجـــازەی زانســـتە شـەرعیەکانی عـەقڵی و نـەقلی و درایەتـەن و ڕوایەتـەن و پلـەی ئیرشادی ڕۆحی و تەوەجوهی ڕۆحی[3] بۆ پەروەردەکردنی موریدانی

[3] تەوەجوهی ڕۆحی ئەوەیە: (ڕۆحیەن ڕوو لە شتان کردن) مورید کە گشت پلەکانی نەفسی بڕی و گەیشتە پلەی کەماڵ، وە تواناو قابیلیەتی هەبوو بۆ پێشەوایەتی خەڵکی، وە خاوەن نوورێکی مەزن بوو لە سنگی، تا بەهۆی ئەو نوورەوە لە نەفسی موریدەکان و خەڵکی تر بدات و ئارەزووە گلاّوەکانیان بێ هێز بکات

پێ ئەدات، ئینجا دوای وەفاتی شێخ مصطفی هاوەڵایەتی زانای بەناوبانگی عێراقی حەزرەتی شێخ عبدالله کوڕی شێخ مصطفی ی کردووە، تالەکۆتاییدا لەساڵی (١٩٩١ز) ئیجازەی خیلافەتی تامەی تەوەججوهی ڕۆحی بۆ پەروەردەکردنی موریدانی پێ ئەدات، ئینجا بۆ کامڵ کردنی زانست و مەعریفەت هاوەڵایەتی شێخ موشەڕڕەف ئۆزجان بەرواری کردووە، کە یەکێك بووە لەمورشدە ڕاستەکانی کوردستانی تورکیا، وە یەکێك بووە لەوانەی کە جەنابی شێخ مصطفی ئیجازەی إرشادی پێ داوە جا لەکۆتاییدا إجازەی جێنیشینی گشتی (نیابة عامة) و تەوەججوهی ڕۆحی بۆ پەروەردەکردنی موریدانی پێ دەدات لەساڵی (٢٠٠٦ز).

ئیجازە پێدراوە و ئیجازەش ئەدات لەزانستەکانی قورئان و سوننەت ، بەڕێزیان ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە بەوێنەی ئەستێرەکانی ئاسمان ، وەنمونەیەکی جوانی لەزانستی مەعریفەت و خواناسی لەخۆدا بەرجەستە کردوە ، کۆمەڵێك دانراو و پەیامی نوسیوە لەژێرناوی (رسائل الحق والنور) ئێمەش لەکوردیدا بەناو نیشانی (پەیامەکانی نووری حەق)بەرهەمەکانی بلاۆدەکەینەوە ، وەتاوەکوو ئەم ساتەش بەردەوامە لەنوسینی پەیامەکان لە

---

یاخود لەناوی ببات، جا ئەگەر گەیشتە ئەم پلەیە ئەو کاتە شەیخی خۆی ئیجازەی پێ ئەدات.

بابەتەکانی بانگەواز و چاکسازی دلّ و خزمەت کردنی ئوممەتی ئیسلام ، ئەتوانین هەموو ئەوبابەتانەی کەنوسیویەتی لەدوو خالّدا کورتیان بکەینەوە یەکەم پاککردنەوەو پتەو کردنی بیروباوەڕ لەو هەورە ڕەشانەی کەبەری خۆری نوری مەعریفەتی گرتووە، وە پاککردنەوەی دلّ و گیانەکان بەنوور زانستی شەریعەت و نووری ویلایەت، ئامانجی سەرەکی بەڕێزیان خزمەت کردنی ئوممەتی ئیسلامە بەنوسین و بەکردار تا بۆ گشت موسلّمانێك ئەمەی بۆ دەست دەکەوێت (بەدلّ لەگەلّ خوا بێت، وە بەلاشەش لەگەلّ ئوممەتی ئیسلام بێت) ، وەهەر لەسالّی (١٩٧٨ز) تاوەکوو ئێستا لە زۆر ناوچەی عێراق کاری پێش نوێژی و وتاربێژی کردوە ئێستاکەش لەمزگەوتی (الربـاط) لەشاری سامەرا پێش نوێژو وتارخوێنە ، یەکێك لەوتە بەنرخەکانی ئەوەیە ( بۆ هەموو ئەو کەسانەی کەخاوەنی زانست و کردارو حالّن) دوو شت هەیە بیزانن "ئیش و پلەتان" ئەمەیە ، پلەکەی بەندایەتیە بەرامبەر بەخوای گەورە وئیشەکەشی خزمەت کردنی ئوممەتی ئیسلامی ڕەحم پێککراوە".

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله على فضله وإحسانه، والذي برحمته تتم الصالحات، والصّلاة والسّلام على نبينا محمّدٍ سيد أهل الحضرات، وعلى أهل بيته الأطهار، وأصحابه الكرام ـ أهل الصدق والصفاء والمجاهدات وتابعيهم بإحسان ـ من أهل الإنابة والصدق والدرجات رضي الله تعالى عليهم جميعًا إلى يوم العرصات.

أمّا بَعْد:

## * بەهەشتی خواناسان *

خوای گەورە (ﷻ) ئەفەرموویت:﴿إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ ۝١٥ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَبۡلَ ذَٰلِكَ مُحۡسِنِينَ۝١٦كَانُواْ قَلِيلٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مَا يَهۡجَعُونَ ۝١٧ وَبِٱلۡأَسۡحَارِ هُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ ۝١٨﴾[٤]،وتەی خوای گەورە ﴿إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ ئەو کەسانەی کە دروشمیان تەقوایە وەسیماشیان گوێڕایەڵی یە﴿فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ﴾ لە ماوەی ئەو بەهەشتانە کە هیچ کێ بڕکێ و بەرامبەری نی یە، چاوانیش سەیری وێنەی وەکوو ئەمیان نەکردووە، وە بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکیشدا نەهاتووە، وە هیچ گوێچکەیەکیش نەیبیستووە،

[٤] الذاريات ١٥_ ١٨.

هەربەوجۆرەش کانیەکان و ڕووبارەکانی لەبەر دەڕۆن و بەندەکانی خوای گەورە (ﷻ) ئاوە سازگارەکەی لەبەری ئەخۆنەوە، جا ئەم کانیانە هەڵئەقوڵێن بەلاّم چ هەڵقولاّنێك ﴿ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡۚ﴾ واتە: لەو چاکەو ڕێزو میهرەبانیەی کە پەروەردگاریان پێ یانیانی بەخشیووە ﴿إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَبۡلَ ذَٰلِكَ مُحۡسِنِينَ﴾ پێش ئەوەی بچنە بەهەشتەوە ئەمان هەر لە دونیا چاکە کارو موحسین بوونە، ئینجا خوای گەورە (ﷻ) وەسفی ئیحسان و چاکەکانی ئەکات و ئەفەرمووێت: ﴿كَانُواْ قَلِيلٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مَا يَهۡجَعُونَ﴾ ئەمان لە شەودا کەم ئەخەوتن و شەوەکەیان بە زۆری بەشەو نوێژەوە بەسەر ئەبرد، لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵ و ملکەچن بۆ پەروەردگاریان لە نێوانی هەرنوێژێك و قورئان خوێندن و زیکرو پاڕانەوەو نزیك بوونەوەو ڕێنموویەکدا، ئیبن و عەبباس ئەفەرمووێت: **(کەمترین ماوەی شەویان بەسەردا بڕوات ئەوا إلا نوێژی تێدا ئەکەن جا لە سەرەتای شەودا بێت یاخود لە ناوەڕاستەکەی وە یاخود لە کۆتایی یەکەی)**[5] ﴿وَبِٱلۡأَسۡحَارِ هُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ﴾ واتە: ئەمە

---

[5] تەفسیری ئەلبەغەوی (ب ٧/ل٣٧٢) ئەبو محمد حوسەینی کوڕی مەسعودی ئەلبەغەویە، وەفاتی(٥١٠ ھ) سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتی کردووە(رضي الله عنهما).

کاتێکە پێش نوێژی بەیانی یە جا لەو کاتەدا داوای لـێ خۆشـبوون لەپەروەردگار ئەکەن، نوێژەکەیان درێـژ ئەکەنـەوە تـا کـاتی پـێش بەرەبەیان، دواتر بۆ کۆتایی هێنان بەشـەو نوێـژەکانیان دائەنیشـن داوای لێبـوردن لـە خـوای گـەورە (ﷻ) ئەکـەن، وە داوای لـێ خۆشبوونی کەسێکی گوناهبار بـۆ گوناهەکـەی، وە بـۆ داوای لـێ خۆشبوون لە کاتی پێش بەرەبەیان تایبەتمەنـدی و گـەورەیی خـۆی هەیە کە بۆ غەیری ئەوکاتە نی یە، هەروەکوو خوای گـەورە (ﷻ) لەوەسـفی ئـەهلی ئیمـان و گوێڕایـەڵ و ئەدەبـدا ئەفـەرمووێت: ﴿وَٱلۡمُسۡتَغۡفِرِينَ بِٱلۡأَسۡحَارِ﴾[٦] ئەوانەی کە داوای لێ خۆشبوون ئەکەن لە کاتی پێش بەرەبەیان .

---

[٦] آل عمران ١٧

## * هەستان بۆ شەو نوێژو خوێندنی زیکرەکان *

هەروەکوو لە صەحیحەیندا لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە (رضي الله عنهما) کاتێك خۆشەویستمان بۆ شەو نوێژ هەستابایەوە ئەیفەرموو: ﴿اللَّهُمَّ لَكَ الحَمْدُ أَنْتَ قَيِّمُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ۞ وَلَكَ الحَمْدُ لكَ مُلْكُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ۞ وَلَكَ الحَمْدُ أَنْتَ نُورُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ۞ وَلَكَ الحَمْدُ أَنْتَ مَلِكُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ۞ وَلَكَ الحَمْدُ أَنْتَ الحَقُّ۞ وَوَعْدُكَ الحَقُّ۞ وَلِقَاؤُكَ حَقٌّ۞ وَقَوْلُكَ حَقٌّ۞ وَالجَنَّةُ حَقٌّ۞ وَالنَّارُ حَقٌّ۞ وَالنَّبِيُّونَ حَقٌّ۞ وَمُحَمَّدٌ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ حَقٌّ۞ وَالسَّاعَةُ حَقٌّ۞ اللَّهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ۞ وَبِكَ آمَنْتُ۞ وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ۞ وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ۞ وَبِكَ خَاصَمْتُ۞ وَإِلَيْكَ حَاكَمْتُ۞ فَاغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ۞ وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ۞ أَنْتَ المُقَدِّمُ۞ وَأَنْتَ المُؤَخِّرُ۞ لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ ولاَ إِلَهَ غَيْرُكَ﴾[٧] واتە: (پەروەردگارمان حەمدو سوپاس هەر بۆ تۆیە هەر تۆی ڕاگری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانی، وە حەمدو سوپاس هەر بۆ تۆیە وەهی تۆیە هەرچی وا لەئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان دا هەیە، وە حەمدو سوپاس هەر بۆ تۆیە ئەی

[٧] صەحیحە. بوخاری (ژ١١٢٠). وە موسلم (ژ٧٦٩) وە غەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردووە.

نووری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان، وە حەمدو سوپاس هەر بۆ تۆیە ئەی پاشای ئاسمانەکان و زەوی، وە حەمدو سوپاس هەر بۆ تۆیە تۆ حەقی، پەیمانت حەقە، چاوپێ کەوتنت لـەڕۆژی دوایـی دا حەقە، گوفتارت حەقە، بەهەشت حەقە، دۆزەخ حەقە، پێغەمبەران حەقن، گەورەمان محمـد (ﷺ) حەقـە، ڕۆژی دوایـی حەقـە، ئـەی پەروەردگارە هەر بۆ تۆ موسڵمان بووم، وە بڕواشم هێناوە بە تۆ، وە پشتیشم هەر بە تۆ بەستیوە، وە هەر بۆ لای تـۆش گەڕامـەوە، وە لەپێناو تۆش دوژمنایەتیم کـرد، وە تۆشـم کـردوزە بـە حـاکم بـۆ کێشەکانم، سا لەگوناهەکانی ڕابوردوو و داهاتووم خۆشـبە، وە لـە گوناهانەش کە بەنهێنی و ئاشکراش کردوومە، هەرتۆی پێشـخەرو وە هەرتۆی دواخەر، هیچ خودایەك نی یە جگـە لـە تـۆ، وە هـیچ پەرستراوێکیش نی یە لە غەیری تۆ) . لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (هەرکەسێك لە خەو هەستا بڵێ: ﴿لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْـدَهُ لاَ شَرِيـكَ لَهُ۝ لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ۝ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَـدِيرٌ۝ الحَمْـدُ لِلَّهِ۝ وَسُبْحَانَ اللَّهِ۝ وَلاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ۝ وَاللَّهُ أَكْبَرُ۝ وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ﴾ پاشان بڵێ: خوایـەگیان لـێم ببـورە یـاخود پاڕایـەوە ئـەوا

وەڵامی ئەدرێتەوە، جا ئەگەر دەست نوێژی هەڵگرت و نوێژی کرد نوێژەکەشی لێ قەبوڵ ئەکرێت)[8].

وە لە ڕیوایەتێکی تردا ئەم زیادەیەش هاتووە کە بڵێ: ﴿لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ۝ سُبْحَانَكَ۝ اللَّهُمَّ أَسْتَغْفِرُكَ لِذَنْبِي۝ وَأَسْأَلُكَ رَحْمَتَكَ۝ اللَّهُمَّ زِدْنِي عِلْمًا۝ وَلَا تُزِغْ قَلْبِي بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنِي۝ وَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً۝ إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ﴾[9] واتە: ( هیچ خودایەك نی یە جگە لە تۆ، وە پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆ، ئەی پەروەردگارم داوای لێخۆشبوون بۆ گوناهەکانم ئەکەم، وە داوای میهرەبانیت لێ ئەکەم، خودایە زانستم زیاد کە، وە هیچ لاری و لادانێك بەسەر دڵما مەهێنە دوای ئەوەی کە هیدایەتتدام، وە لەلایەن خۆتەوە رەحمەتێکم پێ ببەخشە، چونکە بەڕاستی تۆ کەسێکی زۆر بەخشەری.

[8] صەحیحە. بوخاری (ژ١١٥٤) ڕیوایەتی کردووە .

[9] صەحیحە. ئەبوداود (ژ٥٠٦١) وە نەسائی لە (سنن الكبرى) (ژ١٠٦٣٥) وە ئیبن و حبان (ژ٥٥٣١) وە حاکم (ژ١٩٨١) ڕیوایەتیان کردووە، جا ئیبن و حبان و حاکم بە صەحیحیان داناوە وەزەهەبیش موافقە لەسەری باسەیری (المستدرك الحاكم مع التلخيص الذهبي) (ب١/ ل٥٤٠) بکرێت.

## * ڕێزداری هەندێك كات لای خوای مەزن *

لەچەند کاتێکی گەورەو ڕێـزداردا خـوای گـەورە (ﷻ) خـۆی دەرئەخات و نوورو میهرەبانی خۆی ئەبارێنێ. خوای گـەورە (ﷻ) خۆی دەرئەخات لە کاتی نوێـژی عیشـا بەکۆمـەڵ، وە لـە نوێـژی بەیانی دا ئەمەش بەهۆی نزیکی بەندە لە پـەروەردگاری، وە ئـەو پاداشـتە گەورەیـەی کـە لـەو دوو ڕەکعەتـەدا هەیـە، هـەروەکوو پێغەمبـەرمان (ﷺ) ئەفـەرمووێت: (گـرانترین نوێـژ لەسـەر دووڕووەکان نوێژی عیشاو بەیانی یە ئەگەر ئەیانزانی چ پاداشـتێك لەو دوو نوێژەدا هەیە ئەوە لەسەر دەست و پێ کانیان ئـەهاتن بـۆ ئەم دوو نوێژە واتە: (هەروەکوو چۆن مندالْ کاتێك ساوایە لەسـەر دەست و پێ کانی ئەڕوات ئەمانیش بەم جۆرە ئەهاتن)[10] بەڕاستی ویستم فەرمان بەبانگ بێژ بکەم کە قامـەتی نوێـژ بکـات پاشـان فەرمان بەپیاوێك بکەم تاوەکوو ئیمامەتیان بۆبکات، ئینجا لەگەڵ پیاوانێك دەربچم کەکۆڵێك چیلکەداریشیان پـێ بێـت بـۆ لای ئـەو کۆمەڵەیـەی کـە ئامـادەی نوێـژ نـابن واتـە: (نوێـژی بەکۆمـەڵ) ماڵەکانیان بەئاگر بەسەریاندا بسوتێنم)[11].

---

[10] ئەوەی نێو کەوانەکە ڕوونکردنەوەی وەرگێرە.

[11] صەحیحە. بوخاری (ژ٦٥٧). وە موسلم (ژ٦٥١) ڕیوایەتیان کردووە.

## * گرینگی شەو نوێژ *

خوای گەورە (ﷻ) لە کاتی شەو نوێژدا خۆی دەرئـەخات کـە کـاتێکی زۆر گەورەیـە، وە ڕەوشـت و پیشـەی چـاکەکارانە، جـا هەرکەسـێك لێـی بـێ ئاگابێـت ئـەوە کـەم و کـوڕی لەڕەوشـت و حالّەکەیدا هەیە کەواتە: ئەبێ بەبێ گوناهەوە بخەوی، وە نابێت ڕق و کینەی هیچ موسڵمانێکت لە دلّدا هەبێت، وە بـەزیکر کردنـەوە بخەوی و داواش لە خوای گەورە (ﷻ) بکەی کەوا کام کات بـەلای خواوە خۆشەویستە بـا لـەو کاتـەدا خەبـەرت کاتـەوە، وە بلّـێتن: خوایەگیان لەخۆشەویسترین کاتی خۆتدا بەکارم بهێنە، وە خەبـەرم کەرەوە بەخۆشەویسترین کات بەلای خۆتدا. ئەمـە وەکـوو بیناغـە وایە بۆ ئەو کەسانەی کەڕوویان لـە خـوا کـردوە (ﷻ) لـەو چـەند کاتژمێرە پڕ خێرو بەرەکەتانە. (بیرکەرەوە).

بزانن: شەیتان سێ گرێ لە پشت سەری هـەر یـەکێك لـەئێوە ئـەدات کاتێـك کـە ئەخـەون هـەروەکوو پێغەمبـەرمان (ﷺ) ئەفەرموویێت: (هەر یەکێك لە ئێوە کاتێك کە ئەخەوێت شەیتان سێ گرێیان لەپشتی سەری ئەدات، هەر گرێ یەکیش لەسەر تۆیە واتە: (بۆچاکەی تۆ نی یە بەڵکوو تەنها دوورت ئەخاتەوە لەو چاکانەی کە

لەو شەوەدا دەستت ئەکەوێت)[12] شەو درێژە بەخەبەر دێم واتە: (ئەو کەسە چ بەقسە یاخود لەنەفسیدا وا ئەڵێ)[13] جا ئەگەر خەبەری بۆوەو زیکری خوای گەورەی کرد ئەوە گرێیەك ئەبێتەوە، وە ئەگەر دەست نوێژی گرت ئەوە گرێیەکی تر ئەبێەوە، وە ئەگەر نوێژی کرد ئەوە گرێیەکی تریش ئەبێتەوە، جا هەر کەسێك ئەمە بکات ئەوە نەفسێکی پاك و چالاکەوە بەیانی کردووەتەوە، ئەگینا بە نەفسێکی پیس و تەمبەڵەوە بەیانی کردوەتەوە)[14].

ئیمامی طیبی(رحمه الله)ئەفەرموویت: (حالْی ئەو کەسە وێنا کراوە کە تەمبەڵی ناکا و ناخەوێت بۆ نەکردنی ئەرکەکانی سەر شانی، وە خێرایە بۆ گەیشتن بەپلەو پایەکی بەرز، وە چالاکە بۆ بەدەست هێنانی خۆش بەختیەکی گەورە، جا هەر کاتێك نەفسی لۆمەکار توشی سیستی و لاوازیی بێت ئەوکاتە تەوفیقی خوا (جل جلاله) بۆی دێت و ڕزگاری ئەبێت لە فووی شەیتان و گرێکانی نەفسی فەرمان کەر بەخراپە، جا بەدڵێکی چوست و چالاکەوە، وە بەنەفسێکی موتمەئینن و پاکەوە بەیانی ئەکاتەوە و شوێنەواری

---

[12] وەرگێر
[13] وەرگێر
[14] صەحیحە. بوخاری (ژ١١٤٢) وە موسلم (ژ٧٧٦) وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە.

ســوجدەکان بەســەر ســیمایا دەرئەکــەوێت، (ئەوحالــە وێنــاکراوە) بەحالٚی ئەو کەســەی کــە دیلــە لای دوژمــن و لــە کــۆتی دیلیــدا دەستەکانی بەستراوەتەوە گرێ لەدوای گرێ بۆ زیاتر چاودێریکردنی، جا هەر چەندێك هەولٚئەدات دەربازی بێت لەو حالٚە ئیتر بەهەر فرِو فێلٚێك بێت لەوەی کە ئەیزانێت ئەو جارە نا ئەوجارە، تاوەکوو لیٚ ی دەرباز ئەبێت بەتەواوەتی ئەرِوات بەرِێی خۆیدا بیٚ ئەوەی کەســێك رِێی لیٚ بگرێت و دوژمنایەتی بکــات، جیــاواز لــەو کەســەی کــە گوێرِایەلٚی شەیتان ئەکات و وا لەنەفسی فەرمانکەر بەخراپە ئەکات کەوا زالٚ بێت و توانای هەبێت بــەوەی بەلێــدانی ئــەو گرێیانــە لــە پشتی سەری ئەو کەسە جا ئایا ئەمانە یەکسانن؟

خوای گەورە (ﷻ) ئەفەرمووێت: ﴿أَفَمَن يَمۡشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجۡهِهِۦٓ أَهۡدَىٰٓ أَمَّن يَمۡشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾[١٥] ئایا ئەو کەسەی کە بەسەر رِوودا کەوتووە بەو حالٚەوە ئەرِوا باشتر رِێگا ئەناسێت؟ یاخود ئەو کەسەی کە بەسەر شەقامێکی رِاست و رِەواندا بەرِێك و پێکی ئەرِوات بەرِێوە؟[١٦].

---

[١٥] الملك ٢٢

[١٦] (شرح المشكاة للطيبى الكاشف عن حقائق السنن) (ب٤/ل١٢٠١/ژ١٢٢٠)

## * دابەزینی ڕەحمەتی خوا لەکاتی شەودا *

لە ئەبو هوریرەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لەسێ یەکی کۆتایی هەموو شەوێکدا پەروەردگارمان دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیاو ئەفەرمووێت: کێ لێم ئەپاڕێتەوە تا وەڵامی بدەمەوە، کێ داوام لێ دەکات تا پێی ببەخشم، کێ داوای لێ خۆش بوونم لێ ئەکات تا لێ ی خۆش بم)[17].

ئەم فەرموودەیە یەکێکە لەو فەرموودانەی کە باسی سیفاتی خوای گەورە ئەکات، جا بۆ چوون و ڕای دوو مەزهەبی لەسەرە کە زۆر بەناوبانگە لای ئەهلی زانست.

مەزهەبی یەکەم: مەزهەبی سەلەفی ساڵح و غەیری ئەوانە کە ئەفەرموون: بەسەریدا تێ ئەپەڕێ هەروەکوو چۆن هاتووە بێ ئەوەی واتایەکی تری بۆ دابنرێت یاخود سیفەتەکە پەك بخرێت، وە تەرکی قسەکردن ئەکرێت تێدا لەو و لەوێنەی ئەو کە لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە لەگەڵ ئیمان هێنانیش پێ ی، وە پاك ڕاگرتنی پەروەردگاریش لەوەی بشوبهێنرێت بەسیفاتی لاشەکان، ئیتر بڕوامان پێی هەبێت و بەبێ چۆنیەتی و لێ کۆڵینەوە لێی.

---

[17] صحیحە. بوخاری (ژ١١٤٥) وە موسلم (ژ٧٥٨) وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردوە.

مەزهەبی دووەم: قسەی کۆمەڵێك لە زانا موتەکەللیمەکان و غەیری ئەوانە کە ئەفەرموون: بەرزبوونەوەو دابەزین لە سیفاتی لاشەو جیسمەکانە، خوای گەورەش(ﷻ) پاك و بێ گەردە لەسیفەتی لاشەو بەرزبوونەوەو دابەزین، جا لەسەر ئەوە ئەکرێ واتاکەی دابەزینی سۆزو میهربانی خوای گەورە بێت (ﷻ) وە نزیکی ئەم لەبەندەکانی، وە ڕووکردنە ئەو کەسانەی کە لەو شەوەدا ئەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی لە سۆزو میهرەبانی خوا بێ بەش نەبن. واتە: (مەحاڵە خوای گەورە(ﷻ) بەرزبێتەوە یاخود نزم بێتەوە چونکە ئەو نەلاشەیەو وە نەشوێن و مەکانیشی هەیە هەر خۆی ئەزانێت زاتی پاکی خۆی چی یە، ئەوەی لە قورئان و فەرموودەشدا هاتووە ئەبێت تەئویل بکرێت و واتایەکی گونجاو بۆ خوا بەکاربهێنرێت کە شایستە بێت بەزاتی پاکی ئەو)[18].

[18] ئەوەی نێو کەوانەکە ڕوونکردنەوەی وەرگێرە. ئەم بابەتەمان بە دوورو درێژی وە بە شێوەی فیزیایش باس کردووە کەوا مەحاڵە خوای گەورە جولاْن و شوێنی هەبێت، چونکە بەر لەوەی گەردوون دروست بکات بێ شوێن و مەکان بووە، وە هەر خۆی گەردوونی ڕاگیر کردووە ئیتر چۆن گەردوون بۆ ئەو ئەبێتە شوێن یاخود دروستکراوەکان ئەو هەڵبگرن لەسەر عەرش، گەر ئەتەوێ زیاتر لەم بابەتە شارەزابیت ئەوە بگەڕێوە بۆ کتێبی (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران) کە یەکێکە لە ناوازەترین دانراوی ئێمە لەم سەردەمەمان. وەرگێر

"بەڵێ خۆشەویستان" وە گوتراوە سەبارەت بەو باسە کە ئەم دوو مەزهەبەی لەسەرە کە (ڕێگای کەسە بەتەقواکانی سەلەفی ساڵح بەپاك ڕاگرتنی خودایە (ﷻ) لەوەی کە بەڕووکەش دیارە لە قورئان و فەرموودە، وە مەبەست بە واتای ڕووکەشی شتەکەش حەواڵەی زانستی خوا بکرێت هەر بەو جۆرەش دینی ئەو کەسە سەلامەت ئەبێت) جا ئاگاداربە!!

## * خواپەرستی لەکاتی شەودا *

ئینجا لە کاتی شەودا ئەبێت نیەتەکان پاك بێت، وە ڕووکردنە خوا بە دڵ و ڕۆح و نەفسەوە زۆر بێت، چونکە هەر بەوە ئەبێتە ڕازیبونی خوای پەروەردگار و وەڵامدانەوەی پاڕانەوەکان، هەروەکوو خۆشەویستمان نووری چاومان حەزرەتی محمد المصطفى (ﷺ) ئەفەرموویێت: (لەشەودا کاتێك هەیە ئەگەر بەندەی موسڵمان بۆی ڕێك بکەوێت لە خوا بپاڕێتەوە ئەوە خوای پەروەردگار (ﷻ) داواکارییەکەی بۆجێ بەجێ ئەکات ئەوکاتەش لە هەموو شەوێکدایە.[19] وە هەروەها ئەفەرموویێت : (نزیکترین کات کە خوای گەورە (ﷻ) لەبەندەکەی خۆیەوە نزیك بێت لە سێ یەکی کۆتایی شەودایە، جا ئەگەر توانیت لەو کەسانە بیت کە زیکری خوا ئەکەن (ﷻ) لەو کاتەدا ئەوە ببە)[20] لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە ئەفەرموویێت: (گەورەکانی ئوممەتم ئەوانەن کە هەڵگری قورئانن، وە

[19] صەحیحە. موسلم (ژ٧٥٧) وە ئیمامی أحمد (ژ١٤٧٤٦) ڕیوایەتیان کردوە .

[20] صەحیحە. ترمذی (ژ٣٥٧٩) وە نەسائی لە(سنن الكبرى)(ژ١٥٥٦) وە ابن خوزەیمە (ژ١١٤٧) وە حاکم (ژ١١٦٢) ڕیوایەتیان کردوە ، حاکم دەڵێ: سەحیحە لەسەر شەرتی موسلم وە زەهەبیش موافقە لەسەری، لە فەرموودەی عەمری کوڕی عەبەسەتە، جا ترمذي ئەفەرموێت:"فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیح و غەریبە، وە ئەلبانیش بەسەحیحی داناوە (صحيح الترغيب والترهيب)(ب١/ل٤٠١/ژ٦٢٧).

هاوەلاْنی شەون)[21] جا دلْمان تەنگ ئەبێت کاتێك کەسێکی خۆشەویست کە لە پێناوی خوای گەورە (ﷻ) خۆشمان ویستووە شەو هەلْنەستێتەوە بۆ شەو نوێژ.

لە ئەبو سەعیدی خودروی و ئەبو هورەیرەوە (رضي الله عنهما) ڕیوایەتکراوە کەوا پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێك لەشەودا خەبەری بۆوە، وە خێزانەکەشی هەلْستان، جا بەیەکەوە دوورەکعەت نوێژیان کرد، ئەوە لەو پیاو و ئافرەتانە ئەنوسرێن کە زۆر یادو زیکری خوایان کردووە)[22]. وە لە بیلالی کوڕی

[21] زەعیفە. بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ٢٤٤٧) وە خەتیبی بەغدادی لە (تاريخ بغداد)(ژ٢٠٦٧) وە ئیبن و عەساکر لە (تاريخ دمشق)(ژ٦٢٧) وە تەبەڕانی لە (المعجم الكبير)(ژ١٢٦٦٢). وە ئیمامی موستەغفری لە (فضائل القرآن)(ب١/ل٣٨٢/ژ٤٥٩) ڕیوایەتیان کردووە، هەیثە می ئەفەرمووێت:" تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووە، وە سەعدی کوڕی سەعیدی جورجانی تێدایە زەعیفە (مجمع الزوائد)(ب٧/ل١٦١/ژ١١٦٣٩) وە ئەلبانیش بەزەعیفی داناوە (ضعيف الترغيب والترهيب)(ب١/ل١٨٥/ژ٣٦٤).

[22] صەحیحە. ئەبو داود (ژ١٤٥١) وە نەسائی (ژ١٣١٢) وە ابن ماجە (ژ١٣٣٥) وە ئیبن وحبان (ژ٢٥٦٩) ڕیوایەتیان کردووە، حافزی قیڕاقی بەسەحیحی داناوە (تخريج أحاديث الإحياء)(ب١/ل٤٢٢/ژ٨) ئیبن وحەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: صەحیحە(المطالب العالية)(ب٤/ل٣٩٢/ژ٥٨٦). وە شوعەیب ئەرنائوت بە صەحیحی داناوە(سنن ابي داود بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب٢/ل٤٧٧/ژ١٣٠٩) ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە (صحيح الجامع الصغير وزيادته)(ب٢/ل١٠٤٢/ژ٦٠٢٤).

حەبەشـیەوە(ﷺ) ڕیوایـەت کـراوە کـەوا پێغەمبـەرمان (ﷺ) فەرموویـەتی : (شـەونوێژ بکـەن لەبـەر ئـەوەی کـارو پیشـەی چاکەکارانی پێش ئێوەیە، بێ گومان شەونوێژ نزیك بوونەوەیە لـە خـوا (ﷻ) وە ڕێگریشـە لـە گونـاهو تـاوان، وە ڕەشـکەرەوەی گوناهەکانیشە، وە فرێدەری نەخۆشییشە بۆ لاشـە)[٢٣] ئـەوە کـارو پیشەی ئەهلی خوایە (ﷺ).

[٢٣] حەسەن و صەحیحە. ترمذی (ژ٣٥٤٩) وە ئیبن وخوزەیمە (ژ١١٣٥) وە حاکم (ژ١١٥٦) لە ئەبوو ئومامەی باهلی ڕیوایەتیان کردووە، وە بەیهەقی لە (شعب الإیمان)(ژ٢٨٢٤) وە تەبەڕانی لە (معجم الکبیر)(ژ٦١٥٤) لە سەلمانی فارسیەوە ڕیوایەتیان کردووە، ترمذی ئەفەرمووێت:" فەرموودەیەکی غەریبە ئەمە ڕیوایەتی بیلالە سەنەدەکەی صەحیح نی یە، بەلاّم ڕیوایەتەکەی ئەبوو ئومامەی باهلی صەحیح ترە لەو، وە حاکم بە صەحیحی داناوە لەسەر شەرتی بوخاری، وە زەهەبیش موافقە لەسەری، وە ئەو ڕیوایەتەی کە لە ئەبوو ئومامەی باهلیەوە هێناوە ئەو زیادەیەی تێدا نیە(وە فرێدەری نەخۆشییشە بۆ لاش)، بڕوانە: (المستدرك حاکم مع تلخیص الذهبي)(ب١/ل٣٠٨). ئەلبانیش بەحەسەنی داناوە جگە لەو زیادەیە (وە فرێدەری نەخۆشییشە بۆ لاشە) ئەم زیادەی بە زەعیف داناوە (إرواء الغلیل)(ب٢/ل٢٠٢/ژ٤٥٣) وە ئەم فەرموودەیە بە زیادەکەوە ئەم دوو شاهێدەی هەیە یەکێکیان هەیثەمی هێناویەتی و ئەفەرمووێت:" تەبەڕانی لە (معجم الکبیر) ڕیوایەتی کردووە، وە عبدالرحمن کوڕی سولەیمانی کوڕی ئەبو لجەونی تێدایە کەوا دوحەیم و ئیبن وحبان و ئیبن وعەدی متمانەیان پێداوە، بەلاّم ئەبو داود و ئەبو حاتم بە زەعیفیان داناوە (المجمع الزوائد)(ب٢/ل٢٥١/ژ٣٥١٦) وە ئەم ڕیوایەتەش

وە هەروەها خۆشەویستمان ئەفەرمووێت: (ئەگەر کەسێك لەئێوە لەشەودا هەستا با نوێژەکەی لە سەرەتادا بە دوو ڕەکعەتی سووك دەست پێ بکات)[24] واتە: ( نوێژەکەی درێژ ناکەتەوە، ئینجا دوای ئەم دوو رەکعەتە چۆن ئارەزوو ئەکات با لە ناو نوێژەکەدا بمێنێتەوە)[25] چونکە نووری چاومان حەزرەتی محمد (ﷺ) ئەفەرمووێت: (گەورەترین نوێژ ئەوەیە کە زۆر لەناویدا بمێنیتەوە)[26] جا بۆیە خۆشەویستمان فەرمووی بەدوو ڕەکعەتی سووك دەست پێ بکات تاوەکوو چالاك بێت بۆ نوێژەکانی دوای ئەو، وە هەموو گرێیەکانی شەیتانیش ئەکاتەوە هەروەکوو پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەفەرمویت: (گرێکانی شەیتان بکەنەوە با بە دوو ڕەکعەت نوێژیش

شاهێدێکی ترە لەسەر زیادەکە کە ئیبن و ئەعرابی لە(معجم ابن الاعرابی)(ژ١٠٢٢) ڕیوایەتی کردووە بەسەنەدێکی تر لە محمدی کوڕی سەعید ئەویش لەبیلالەوە. وە ئیمامی بەغەویش ڕیوایەتەکەی ئەبو ئومامەی باهیلی هێناوەو ئەو زیادەیەی تێدانیە، وە ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەنە" وە حافیزی عێڕاقیش بە حەسەنی داناوە. بڕوانە: (شرح السنه للبغوی)(ب٤/ل٣٤/ژ٩٢٢).

[24] صەحیحە. موسلم (ژ٧٦٨) وەغەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە.

[25] زیادەی وەرگێڕە.

[26] صەحیحە. موسلم (ژ٧٥٦) وەغەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردوە .

بێت)[27]، هەر بۆیەشە ئیمامی جلال الدینی سیوطی لە ئیمامی تەبەرانیەوە نەقڵی کردووە کەوا فەرموویەتی: "سوننەتە کەوا بۆ دەستپێکی شەو نوێژ کەوا بە دوو ڕەکعەتی سووك بکرێت"[28].

وە هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) (لەناو ئەم دوو ڕەکعەتە کورتەدا لە ڕەکعەتی یەکەم سوڕەتی (الفاتحة) و سوڕەتی

---

[27] صەحیح و شازە. ئیبن و خوزەیمە لە (صحیح ابن خزیمە)(ژ١١٣٢) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە، فەرموودەناس دکتۆر مصطفى ئەعزەمی لە (صحیح ابن خزیمە بتحقیق الأعظمي)(ب٢/ل١٧٥/ژ١١٣٢) ئەفەرمووێت: سەنەدەکەی صەحیحە. ئیمامی مونذری ئەفەرمووێت: ئیبن و خوزەیمە ئەوەشی زیاد کردووە لە ڕیوایەتەکە (گرێکانی شەیتان بکەنەوە با بە دوو ڕەکعەت نوێژیش بێت)(الترغیب والترهیب للمنذري)(ب١/ل٢٣٨/ژ٩٠٢) تەخریجی حەدیسەکە بەدرێژی هێناومانە باسەیری (ل٢٣) ئەم کتێبە بکرێت، جا ئیمام ئەلبانی ئەفەرمووێت: (ئەو زیادەیە سەحیح نی یە لای من چونکە لەبەر شازێتێکیەی، وەعەلی کوڕی قوڕڕەی کوڕی حەبیبی تێدایە نایناسم، وە تەنها ئەو ئەم زیادەی هێناوە تاکە واتە: (ئیمامەکانی تر ئەم زیادەیان ڕیوایەت نەکردووە تەنها ئەو نەبێت) وەرگێر. با سەیری (صحیح الترغیب والترهیب)(ب١/ل٣٩٥/ژ٦١٣) بکرێت.

[28] بڕوانە: (التوشیح شرح الجامع الصحیح)(ب١/ل٩٨٧/ژ١١٤٢) هی ئیمامی جلال الدینی سیوطی(و٩١١ه).

(الكافرون)ی ئەخوێند، وە لە دووەم ڕەکعەتیشدا سورەتی (الفاتحة) و سورەتی (الإخلاص)ی ئەخوێند)[29] .

وە هەروەها خۆشەویستمان دەفەرموێت : (هەر کەسێك دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی (البقرة) لە شەودا بخوێنێ ئەوە بەسیەتی)[30] واتە: خوای گەورە ئەیپارێزێ. وە لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (هەرکەسێك لە دوای نوێژی عیشاوە بیانخوێنێ ئەوە خێر و پاداشتی

---

[29] وەکوو فەرمووده بەو لەفزە نەم دۆزیەوە کەوا لەو دوو ڕەکعەتە کورتەدا ئەمانەی خوێندبێت، بەڵام دوو شاهێدم لەسەر قسەکەی هێناوە یەکەمیان: کەوا خۆشەویستمان (ﷺ) لەدوو ڕەکعەت سوننەتەکەی پێش نوێژی بەیانی ( قل یاأیها الكافرون وە قل هو الله أحد) ئەخوێند، هەروەك موسلیم ڕیوایەتی کردووە (ژ٧٢٦) لەئەبو هورەیرەوە (رضي الله عنه) وە غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە، دووەم: ئیبن و عومەر(رضي الله عنهما) ئەفەرموێت: (بیست جار زیاتر گوێم لەپێغەمبەربوو (ﷺ) کەوا لە دوو ڕەکعەت سوننەتەکەی پاش مەغرب و دوو ڕەکعەتەکەی پێش بەیانی (قل یاأیها الكافرون وە قل هو الله أحد) ئەخوێند. ئیمامی بەیهەقی لە(السنن الكبری)(ژ٤٨٧٩) وە أحمد (ژ٤٧٦٣) غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە .شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێ: سەنەدەکەی سەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین. جا قیاسەن لەسەر ئەم دوو سوننەتە کە لە دوو کاتە جیاوازەدا خوێندویەتی، سوننەتە بۆ هەرکەسێکیش کە ئارەزووی لێ بوو با ئەم دوو سورەتە لە دوو ڕەکعەت سوننەتە کورتەکەی شەودا بخوێنی والله أعلم. وەرگێر

[30] صەحیحە. بوخاری (ژ٥٠٠٩) وە موسلم (ژ٨٠٧) وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە.

شەو نوێژی بۆ ئەنوسرێت)[31]. هەروەها ئەفەرموویێت: (هەر کەسێك لەناو دوو ڕەکعەتی شەو نوێژدا بیانخوێنێت ئەوە بووەتە کەسێکی موتەهەججد)[32] واتە : (کەسێك کاتیك بخەوێت پاشان هەستاوە شەو نوێژی کرد ئەمە پێ ی ئەگوترێت موتەهەججد، بەلاّم ئەگەر لەشەودا نەخەوت شەو نوێژی کرد تا بەیانیش بەمە ناگوترێت موتەهەجید)[33] وە هەروەها خۆشەویستمان ئەفەرموێت: (خوای گەورە پەرتوکێکی نوسیوە هەزار سالّ پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات، وە دوو ئایەتی لەم کتێبەدا دابەزاندووە، کە سورەتی (البقرة)ی بەم دوو ئایەتە کۆتایی پێ هێناوە، جا ئەگەر بێت و لەهەر مالّێکدا بخوێندرێت ئەوە شەیتان تا سێ شەوان نزیکی ئەو مالّە ناکەوێت)[34]. وە لە چەند ڕیوایەتێکی تردا (آیة

[31] زەعیفە. ئیبن وعەدی لە (الكامل في الضعفاء)(ب٨/ل٣٦٩/ژ٢٠٠٨) لە ئیبن و مەسعودەوە ڕیوایەتی کردووە لە فەرموودەی وەلیدی کوڕی عوببادە، وە لە ڕیوایەتی ئیمامی موستەغفریدا هاتووە: (هەرکەسێك لەشەودا دە ئایەتی کۆتایی سورەتی (آل عمران) بخوێنێ پاداشتی شەو نوێژ یاخود خواپەرستی شەوی بۆ ئەنوسرێت) (فضائل القرآن للمستغفري)(ب١/ل٧٥٦/ژ١١٤٥)(و٤٣٢ه) .

[32] سەنەدی ئەم ڕیوایەتەم نەدۆزیەوە.

[33] وەرگێر

[34] صەحیحە. ترمذی (ژ٢٨٨٢) وە نەسائی لە (السنن الكبرى)(ژ١٠٧٣٦) وە ئیمامی أحمد (ژ١٨٤١٤) وە دارەمی (ژ٣٤٣٠) وە حاکم (ژ٣٠٣١) وە غەیری

الکرسي)یش هەمان حوکمی هەیە واتە: بیاخوێنی بۆ دەرکردنی شەیتان لەماڵەوە چونکە گەورەترین ئایەتە لەپەرتووکی خوای گەورە (ﷻ) وە تایبەتە بەو و باسی ناوە جوانەکان و سیفاتە بەرزەکانی خۆیمان بۆ ئەکات.

## * نوێژی وەتر *

ئینجا هەر لەشەودا دەست بەنوێژی وەتر ئەکات هەروەکوو پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەفەرمووێت: (ئەی ئەهلی قورئان نوێژی (وەتر) تاك بکەن لەبەر ئەوەی خوای گەورە (ﷻ) تاکە هەر بۆیەش تاکیشی پێ خۆشە)[35] لەبەر ئەوەی نوێژی وەتر بەتاك کۆتایی پێ

ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە، ترمذی ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی غەریبە. بەلاّم حاکم ئەفەرمووێت: "صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم، وە زەهەبیش موافقە لەسەری". وەئەلبانیش بە صەحیحی داناوە. بڕوانە: (صحيح الترغيب والترهيب)(ب٢/ل١٨٥/ژ١٤٦٦)

[35] صەحیحە. وە ئەبو داود (ژ١٤١٦) وە ترمذي (ژ٤٥٧) وە نەسائی لە (السنن الكبرى)(ژ٤٤٠) وە ابن ماجه (ژ١١٦٩) وە ئیمام أحمد (١١٦٨) وەغەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردوە، ترمذي ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەنە". وە شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: " فەرموودەیەکی صەحیحە (سنن أبي داود بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب٢/ل٥٥٧/ژ١٤١٦). وە ئەلبانیش بەصەحیحی داناوە (صحيح الجامع الصغير)(ب١/ل٤٩٧/ژ٢٥٣٣).

دێت. وە هەروەها دەفەرموێت: (با کۆتا نوێژتان لە شـەودا نوێـژی وەتر بێت)[٣٦]. هەروەها (ئەگەر کەسێك ترسا لەوەی کە لە کۆتایی شەو هەڵنەستێتەوە با لە سەرەتاکەی نوێژی وەتر بکات، وە ئەگـەر کەسێکیش ویستی لێ بوو لە کۆتایی شەودا هەڵبسـتێتەوە بـا لـە کۆتایی شەوەکەدا نوێژی وەتر بکات لەبەر ئـەوەی نوێـژ کـردن لـە کۆتایی شەودا مەشهوودە ئەمـەیان گـەورەترە)[٣٧] چـونکە ئەبێتـە نوێژی وەتر و نوێژی تەهەججود، جا ئەبێ ئەو کەسە نیەت بێنێـت بۆ ئەوەی ئەم پاداشتە لە دەست خۆی نەدات، چونکە کاتێکە خوای گەورە (ﷻ) خۆی دەردەخات بۆ بەندە چـاکەکانی، خۆشەویسـتمان ئەفەرمووێت: (شەو نوێژ دوو ڕەکعـەت دوو ڕەکعەتـە، جـا ئەگـەر ویستت لە نوێژەکەت دەربچی ئەوە یەك ڕەکعەت بکە چونکە بـۆت

[٣٦] صەحیحە. بوخاری (ژ٩٩٨) وە موسلم (ژ٧٥١) وە غەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردوە.

[٣٧] صەحیحە. موسلم (ژ٧٥٥) وە ترمذی (ژ٤٥٥) وە ابن ماجە (ژ١١٨٧) وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە. جا ئیمام شەوکانی (رحمه الله) لە واتای وشەی (مەشهوود) ئەفەرموێت: "فریشتەکانی شەو و ڕۆژ شایەتی بۆ ئەو کەسە ئەدەن هەروەکوو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە". بڕوانە: (فتح القدیر لإمام الشوکانی)(ب٣/ل٢٩٨سورەتی الإسراء ئایەتی ٧٨).

ئەبێتە وەتر)[38] لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: ( وێژی وەتر حەق و مافێکە لەسەر هەموو موسڵمانێك ، جا ئەگەر کەسێك ئارەزووی لێ بوو نوێژی وەتر بە پێنج ڕەکعەتان بکات با بیکات، وە ئەگەر کەسێك ئارەزووی لێ بوو نوێژی وەتر بە سێ ڕەکعەتان بکات با بیکات ، وە ئەگەر کەسێك ئارەزووی لێ بوو نوێژی وەتر بە یەك ڕەکعەتان بکات با بیکات )[39] پێغەمبەرمان (ﷺ) دوای نوێژی وەتر بەلای ڕاستەیدا پاڵدەکەوت و بیری لەمردن و قۆناغی دوای مردن دەکردەوە ، تاوەکوو بانگی بەیانی دەدرا ، ئنجا لەسەر لای تەنیشت هەڵدەستاوە ، ئیمامی نەوەوی (رحمه الله) دەفەرمویت : (سوننەتە بەلای ڕاستدا پاڵ بکەوێت و بخەوێت)[40]، جوان بیری لێ بکەرەوە.

[38] صەحیحە. بوخاری (ژ٩٩٣) وە موسلم (ژ٧٤٩) وە غەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردوە.

[39] ئەبو داود (ژ١٤٢٢) وە ابن حبان (ژ٢٤٠٧) وە نەسائی لە (سنن الكبرى)(ژ٤٤٣) ڕیوایەتیان کردوە ،شوعەیب ئەرنائوت دەڵێ : سەنەدەکەی صەحیحە بڕوانە: (سنن أبي داود بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب٢/لا٥٦١ژ١٤٢٢) بکرێت .

[40] (شرح النواوي على مسلم)(ب٦/ل٢٠) .

## * دوو ڕەکعەت سوننەتی پێش بەیانی *

خـوای گـەورە (ﷻ) خـۆی دەردەخـات بـۆ ئـەو کەسـانەی کەلەپێش نوێژی بەیانی یەوە دوو ڕەکعەت نوێژی سوننەت دەکەن ، هـەروەکوو خۆشەویسـتمان (ﷺ) دەفـەرموێت : ( دوو ڕەکعـەت نوێژی سوننەتی بەیانی چـاکترو گـەورەترە لـە دونیـا و وە لـەوەی کەلەناو دونیاشدا هەیە)[41] واتە: سوننەکەی پێش فەرزەکە کەنوێژی بەیانی یە ، جا نیعمەت و چاکەی ئەو سوننەتە هەر لەبەهەشـتەکە چاکترە لەنیعمەتی دونیا ئەگەر بێـت و مـرۆڤ دەسـتی بکـەوێت و بیکاتە خێرو سەدەقە ، جا ئەگەر ئەمە سوننەتەکەی بـەو شـێوەیە بێت ئەی چی دەڵێ ی بە فەرزەکەی کەنوێژی بەیانی یـە لەدەسـتی خۆتی مەدە بیرکەرەوە .

وە هـەروەها لـە ڕیوایـەتێکی تـردا هـاتووە: (واز لـە دوو ڕەکعەت سوننەتەکەی پێش نوێـژی بـەیانی مـەهێنن ئەگـەر چـی

[41] صەحیحە. موسلم (ژ٧٢٥) وە ترمذی (ژ٤١٦) وە نەسائی (ژ٤٤٣) وە حاکم (ژ١١٥١) وە غەیری ئەمانیش ڕیوایەتیان کردووە، جا حاکم ئەفەرمووێت: "صەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین وە زەهەبیش موافقە لەسەری (المستدرك مع التلخیص الذهبي)(ب١/ل٣٠٧).

ئەسـپەکانیش دەرتـان پـەڕێنن)[٤٢] ئیمـامی مـەنناوی (رحمه الله) ئەفەرمووێت: (مەبەست پیٚ ی ئەسپی دوژمنە (کاتێك دێنە سـەر موسڵمانان) بـەڵکو ئێـوە نوێژەکـە بکـەن جـا بـەپێوە بـوون یـان بەڕۆیشتنەوە یان بەئاماژە کردن وە ئەگەر چی ڕوو لەقیبلەش نەبن، جا ناپەسندە ئەم دوو ڕەکعـەت سـوننەتە تـەرك بکرێـت)[٤٣] بۆیـە ئەمەش زیاتر هاندانی خەڵکە تاوەکوو ئەم دوو ڕەکعەتـە بپـارێز و بەردەوام بن لەسەری ئەگەرچی بالـەناو ناخۆشـترین کاتیشـدا بێـت لەبەر پاداشتە زۆرەکەی ، هەر لە ئەبو هورەیرەوە (رضي الله عنه) ڕیوایـەت

[٤٢] صەحیحە. ئەبو داود (ژ١٢٥٨) ئیمامی أحمد (ژ٩٢٢٥) ڕیوایەتیان کردووە، ئیمام نەوەوی ئەفەرمووێت: "ئەبو داود لە ئەبوو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە بەلاٚم بە زەعیفی دانەناوە وە لە سەنەدەکەیدا پیاوێك هەیە ڕا جیایی هەیە لەسەر متمانەدان پیٚ ی (خلاصة الأحكام لإمام النواوي)(ب١/ل٥٣٣/ژ١٧٩١) وە شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی زەعیفە لەبەر ئەوەی ئیبن و سەیلانی تێدایە حاڵی نەزانراوە (المسند بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب١٥/ل١٤٧) وە ئەلبانیش بە زەعیفی داناوە (ضعيف الجامع الصغير)(ب١/ل٤٩١/ژ٦٢٠٨) وە مەنناویش ئەفەرمووێت: "سیوطی بەحەسەنی داناوە وە ئیبن و عبد الحق کە (ئیمامی مونذریە) سەنەدەکەی بە بەهێز دانەناوە (التيسير بشرح الجامع الصغير)(ب٢/ل٤٩١). وە حەمزە ئەحمەد زین ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە، وە ئیبن و سەیلان ئەوە عبد ربە یە، وە ئەشگوتریٚ جابرە_ جا ڕیوایەتی مەقبول و وەرگیراوە". بڕوانە: (مسند أحمد بتحقيق أحمد شاكر وحمزه زين)(ب٩/ل١٥٢/ژ٩٢٢٥_٩٢٣٠).

[٤٣] (التيسير بشرح الجامع الصغير)(ب٢/ل٤٩١).

کراوە کەوا پێغەمبەرمان (ﷺ) لە دوو ڕەکعەت سوننەتەکەی نوێژی بەیانی دا (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ) وە (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)ی خوێند)[44].

## * زیکری دوای سوننەتەکە *

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەفەرموویێت: (ئەگەر یەکێك لە ئێوە دوو ڕەکعەت سوننەتی پێش نوێژی بەیانی کرد با لەسەر لای ڕاستە پاڵ بداتەوە و درێژبێت)[45]، جا شیخ مەنسوری عەلی ناسیف (رحمه الله) ئەفەرموویێت: (پێ یەکانی ڕوو بەرەو قیبلە ئەکات و لەسەر لای ڕاستە درێژ ئەبێت، با بیر لە مردن و قۆناغی دوای مردن بکاتەوە، پاشان خۆی ڕاست ئەکاتەوە و دائەنیشێت حەوت جاران (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيم) ئەخوێنێت، وە نۆزدە جارانیش (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيم) ئەخوێنێت، پاشان سەد جاران (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ

---

[44] صەحیحە. موسلم (ژ٧٢٦) وە ئەبو داود (ژ١٢٥٦) وە ئیبن و ماجە (ژ١١٤٨) وە نەسائی لە (سنن الكبرى)(ژ١٠١٩) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە.

[45] صەحیحە. ترمذی (ژ٤٢٠) وە ئەبو داود (ژ١٢٦١) وە ئیبن و خوزەیمە (ژ١١٢٠). وە ئیبن وحبان (ژ٢٤٦٤). وە أحمد (ژ٩٣٦٧). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى) (ژ٤٨٨٧) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە، ترمذی ئەفەرموویێت: "فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیح و غەریبە". وە شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرموویێت: "سەنەدەکەی صەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین (مسند الامام أحمد بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب١٥/ل٢١٧).

سُبْحَانَ اللَّهِ العَظِيمِ، أَسْتَغْفِرُ اللَّه) ئەخوێنێت، وە لـە فـەرموودەدا هاتوە : ئەگەر کەسێك بەردەوام بێت لەسەر ئەم زیکرانە لـە نێـوان سوننەتی نوێژی بەیانی و نوێژی بەیانی ئەوە دونیـا بـە زەبـوونی و ملکەچی یەوە بۆی دێت ئەمەش پەیوەستە بەنیەتی ئەو کەسـەوە، لە خوا داواکارین نیەتمان پاك بکات و ئخلاْسمان پیٚ ببەخشێت)[٤٦] .

[٤٦] (التاج الجامع للأصول)(ب١/لا٢٠٩) (ئیبن و عومەر (رضي الله عنهما) ئەفەرموویێت: لای پێغەمبەر بووم (صلى الله عليه وسلم) پیاوێك هاتە لای و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەستم کورتە و هەژارم ئەویش فەرموی: "ئەی تۆ لەکویێ ی پاڕانەوەی فریشتەکان و تەسبیحاتی دروستکراوانی کە ئەمانە بەهۆی ئەوەوە خۆراك و ڕۆزیان پیێ ئەدرێت؟ جا ئیبن و عومەر(رضي الله عنهما) ئەفەرموویێت بەهەلم زانی وتم: "ئەو شتە چی یە ئەی پێغەمبەری خوا" (صلى الله عليه وسلم) ئەویش فەرمووی: "ئەی ئیبن و عومەر لە کاتی دەرچوونی خۆر تا کاتی نوێژی بەیانی سەدجاران بخوێندرێت ئەوە دونیا بە زەبوونی و ملکەچی یەوە بۆت دێت، وە لەگەڵ هەر تەسبیحاتێك دا خوای گەورە فریشتەیەك دروست ئەکات ئەمیش تەسبیحاتی خوا ئەکات (جل جلاله) تا ڕۆژی دوایی) ئەم ڕیوایەتە عبداللە کوڕی نافیعی جومەحی ئەویش لە ئیمام مالیکەوە ئیمامیش لە نافیعەوە ئەویش لە ئیبن و عومەرەوە (رضي الله عنهما) ڕیوایەتی کردووە، بەلاْم ئیمام مالیك لە (الموطأ) ڕیوایەتی نەکردووە، بڕوانە: (مجرد أسماء الرواة عن مالك)(ب١/ل٨٢) هی حافیزی رەشیدی عەتتاری مالیکی (و٦٦٢ھ). جا ئەم حافیزە شەیخی فەرموودەناسەکانی سەردەمی خۆی بووە هەروەکوو زەهەبی فەرموویەتی لە (سیر الأعلام). وە حافیزی عیێراقی لە (تخریج أحادیث الأحیاء)(ب١/ل٣٥٤)ئەفەرموویێت: "ئیمامی موستەغفری لە (الدعوات) لە فەرموودەی ئیبن و عومەرەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەفەرموویێت:

فەرموودەیەکی غەریبە لە فەرموودەی مالیکە، جا من نازانم لە فەرموودەی مالیك بێت وە لەڕیوایەتی أحمد (ژ٦٥٨٣) لە عبداللە کوڕی عەمرەوە کەوا نوح (ﷺ) فەرمانی بەکوڕەکەی کرد بڵێ: (لا اله الله وسبحان الله وبحمده) پاشان وتی: لەبەر ئەوەی پاڕانەوەو نوێژی هەموو شتێکە هەر بەهۆی ئەوەوە دروستکراوان ڕۆزیان پێ ئەدرێت وە سەنەدەکەشی سەحیحە أحمد محمد شاکریش ئەم ڕیوایەتەی کە حافزی عێڕاقی هێناویەتی بەصەحیحی داناوە، بڕوانە: (مسند الامام أحمد بتحقيق أحمد محمد شاكر)(ب٦/ل١٥٤ژ٦٥٨٣). وە سەبارەت بە(پەناگرتنەکە بەخوا) ڕۆژێ حەوت جاران وەکوو فەرموودە نەم دۆزیەوە، بەلاَم نهێنی ژمارەی حەوت ئەمە ڕاستیەکی زانستی یە لەقورئان و فەرموودە، بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لەنهێنی ژمارەی حەوت با سەیری (موسوعة الإعجاز الرقمي)(ب١/ل١٢) هی عبد الدائم ئەلکەحیل. وە شاهێدەکیشم لە فەرموودەدا لەسەری هێناوە لەئەنەسەوە (ﷺ) ڕیوایەت کراوە کەوا خۆشەویستمان (ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کەسێك ڕۆژێ دە جاران پەنا بەخوا بگرێت لەشەیتان، ئەوە خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ سەرپەرشتی کردنی دابین ئەکات، تاوەکوو شەیتانەکانی لێ دوورخاتەوە) هەیثەمی ئەفەرمووێت: "ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووە، جا لەیسی کوڕی ئەبو سولەیمی و یەزیدی ڕەقاشی تێدایە هەردووکیان لەسەر بێ هێزیان زانایان کۆکن بەلاَم پیاوەکانی تر صەحیحن (المجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٤٢/ژ١٧١٦٤). وە سەبارەت بە خوێندنی نۆزدە (بسم الله) کەش تەنها ئەسەرێکم لەسەری دۆزیەوە کە ئیمامی سەعلەبی بەسەندی خۆی لە عبداللە کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا فەرموویەتی: (هەرکەسێك ئەیەوێت خوای گەورە ڕزگاری بکات لە نۆزدە زەبانیەکە (کە کۆمەڵە فریشتەیەکە سەر پەرشتی دۆزەخ دەکەن) با (بسم الله الرحمن الرحيم) بخوێنێ بۆئەوەی هەر پیتێك لە (بسم الله) کە ببێتە قەڵغان بۆی لە هەر یەکێك لەو فریشتانە) بڕوانە: (التفسيرالثعلبى)(ب١/ل٩١) وە (التفسير القرطبى)(ب١/ل٩٢). چونکە (بسم الله

## * گرینگی کاتی بەیانی *

خـوای گـەورە (ﷻ) لـە کـاتی نوێـژی بـەیانی دا بەخشـش و میهرەبانی خـۆی دائەبـەزێنێ هـەروەکوو خـۆی فەرموویـەتی: (وَقُـرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُوداً)[47] واتە: (یامحمـد (ﷺ) وە ئـەی ئیماندار نوێژی بەیانیانیش ئەنجام بدە کە زۆر قورئانی تێدا ئەخوێنـدرێت بۆیە فەرامۆشی مەکە، چونکە بەڕاستی قورئان خوێندنی نوێـژی بـەیانی فریشتەکانی شەو ڕۆژ ئامادەی ئـەبن)[48]، لەبـەر ئـەوەی نوێـژی بـەیانی خوای میهرەبان (ﷻ) خۆی و فریشتەکانی شەو و ڕۆژ شایەتی ئـەو کاتە ئەبن لەبەر گرینگی کاتەکە، هەر بۆیەش پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژی بەیانی دا قورئانی زۆر ئەخوێند، بۆ شـایەتی دانـی فریشـتە بەڕێزەکانی شەو و ڕۆژ، وە هەم چاوەڕوانی بوونی ئەو کەسانەی کـە خەوتوون چونکە کاتی نوستنە (بەڵاّم چ نوستنێك ئەوەنـدە خۆشـە

---

الرحمن الرحيم) نۆزدە پیتە وا دیارە خوێندنی ئەو نۆزدە جارەش نهێنی خۆی تێدا هەیە، تکایە وریابن!! زوو شتان ڕەد مەکەنەوە لەبەر ئەوەی ئەمە ئەمانەتی دینە بەر پرسیار ئەبن لە ڕۆژی دوایی. وەرگێڕ

[47] الإسراء ٧٨ ، ئیمامی شەوکانی (رحمه الله) ئەفەرموێت: "زانایانی تەفسیر ئەفەرموون: مەبەست بە(قُرْآنَ الْفَجْرِ) ئەوە نوێژی بەیانی یە (فتح القدير)(ب٣/ل٢٩٨)

[48] (تفسير الميسر)(ب١/ل٢٩٠)

شەیتانیش زیاتر خۆشی ئەکات) پاشان نوێژی نیـوەڕۆی بـەدوای دا دێت لە درێژ کردندا وە عەسرو مـەغریب و عیشـاش. بیریـان لـێ بکەرەوە

وە خوای گـەورە (ﷻ) بەخشـش و میهرەبـانی خـۆی دائەبـەزێنێ لەکاتی زیکری دوای نوێژی بەیانی تا کاتی نوێژی چێشتەنگاو، وە خودی نوێـژی چێشـتەنگاویش ئـەم خـۆ میهرەبانیـەی تێدایـە، هـەروەکوو خۆشەویسـتمان (ﷺ) ئەفـەرمووێت: (هـەر کەسـێك لـە شـوێنی نوێـژ کردنەکەی خۆی دانیشت کاتێك لە نوێـژی بـەیانی ئەبێتـەوە هـەتاوەکوو نوێژی چێشتەنگاویش ئەکات وە هیچ قسەیەکیش نـەکات تـەنها قسـەی چاکە نەبێت، ئەو کاتە خـوای گـەورە (ﷻ) لـێ ی خـۆش ئـەبێت، جـا هەرچەند گوناهەکانیشی وەکوو کەفی سەر دەریا زۆر بن)[٤٩]

[٤٩] حەسەنەو شاهێدیشی هەیە. ئەبو داود (ژ١٢٨٧) ئیمامی أحمد (ژ١٥٦٢٣) وە وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى) (ژ٤٩٠٧) مونذری ئەفەرمووێت: "هەندێك لە زاناکان بەحەسەن و صەحیحیان داناوە، وە ئەلبانیش بە زەعیفی داناوە (ضعيف الترغيب والترهيب)(ب١/ل١٣٣/ژ٢٤٢). وە شوعەیب ئەرنائوت بە زەعیفی داناوە(سنن أبي داود بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب٢/ل٤٦١) بەلاّم فەرموودەکە شاهێدی هەیە بەو فەرموودە مەرفوعە کە ئەبو عبد الرحمن سوللەمی ڕیوایەتی کردووە ئەفەرمووێت: گوێم لە ئیمامی عەلی (ﷺ) بوو ئەیفەرموو: گوێم لە پێغەمبەر بوو (ﷺ) ئەیفەرموو: (هەر کەسێك نوێژی بەیانی بکات پاشان لە شوێنی نوێژ کردنەکەی دانیشت ئەوە فریشتەکان صەڵەواتی لەسەر لێ ئەدەن، صەڵەواتەکەشیان لەسەری

وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (هەر کەسێك نوێژی بەیانی بکات پاشان دابنیشێ زیکری خوا بکات تا ئەو کاتەی کە خۆر هەڵدێت، ئەوە بەهەشتی بۆ واجب ئەبێت)[50]. وە هەروەها

ئەوەیە (پەروەردگارمان لێ ی خۆشبە، پەروەردگارمان ڕەحمی پێ بکە....) ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێت: "بەززار لە (مسند البزار)(ژ٥٩٧) ڕیوایەتی کردووە، وە عەتائی کوڕی سائیبی تێدایەو جێگای متمانەیە بەلاٚم لە کۆتایی تەمەنی فەرموودەکانی تێکەڵ ئەکرد (المجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٠٧/ژ١٦٩٥١). وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "ڕاستگۆیە بەلاٚم حەدیسەکانی لێ تێکەڵ ئەبوون (تقریب التهذیب)(ب١/ل٣٩١/ژ٤٥٨٥).

[50] حەسەن و صەحیحە. ئەبو یەعلا(ژ١٤٩٥). وە ئیبن و سوننی لە (عمل الیوم واللیلة)(ژ١٤٤) لەسەهلی کوڕی موعاز ئەویش لە باوکی خۆیەوە ڕیوایەتیان کردووە. جا ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێت: "ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووە، وە زەببانی کوڕی فائیدی تێدایە زۆرینەی زانایان بە زەعیفیان داناوە، بەلاٚم ئەبو حاتەم ئەفەرمووێت: "کەسێکی صالٚح و چاکە"، وە پیاوەکانی تریش فەرموودەیان حەسەنە (المجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٠٥/ژ١٦٩٤٠) وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "لەگەڵ ئەوەی کەسێکی چاکەکار و خواپەرست بووە بەلاٚم فەرموودەی زەعیفە (تقریب التهذیب)(ب١/ل٢١٣/ژ١٩٧٦). وە ئەلبانیش بەزەعیفی داناوە، بڕوانە: (ضعیف الترغیب والترهیب)(ب١/ل٣١٨/ژ٤٦٤). وە ئیمامی مونذریش ئەفەرمووێت: حافیز فەرمووێت: "سێ کەس ڕیوایەتیان کردووە (ئەحمەد و ئەبو داودو ئەبو یەعلا) لە ڕێگای زەبانی کوڕی فائیدەوە ئەویش لە سەهلەوە جا هەندێ لە زاناکان بە حەسەنیان داناوە، وە هەندێکی تریشیان بە صەحیحیان داناوە. بڕوانە: (الترغیب والترهیب)(ل٢٢٢/ژ٦٣٦).

ئەفەرموویێت: (هەر کەسێك نوێژی بەیانی بەکۆمەڵ بکات پاشان دابنیشێ و زیکری خوا بکات (ﷻ) تا ئەوکاتە خۆر هەڵدێت ئینجا دوو ڕەکعەت نوێژی بکات ئەوە پاداشتی حەج و عومرەیەکی بەتەواوی بەتەواوی بۆ ئەنوسرێت)[٥١]. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (...... ئەوە بەپاداشتی حەج و عومرەیەك گەڕاوەتەوە)[٥٢] ئەم دانیشتنە پێ ی ئەگوترێت زیندوو کردنەوەی دوو هەڵاتگەکە و دوو ئاوابووەکان، هەرچی دوو هەڵاتگەکەیە: دەرچوونی تیشکی خۆرە لە کاتی بەیانی کە پێ ی ئەگوترێت فەجری ڕاستگۆ تا دەرچوونی خۆر و بەرزبوونەوەی بەرەو ئاسمان. دوو ئاوابووەکەش: ئاوابونی خۆر و ئاوابونی تیشکی سووری خۆرە کە ئەکاتە پێش بانگدانی نوێژی عیشا، جا ئەم دوو کاتە لای سەلەفی صاڵح و دوای ئەوانیش زۆر بایەخی پێ دراوە هەر وەکوو

[٥١] حەسەنە. ترمذی (ژ٥٨٦) وە بەغەوی لە (شرح السنة)(ب٣/ل٢٢١/ژ٧١٠) ڕیوایەتیان کردوە. ترمذی ئەفەرموویێت: "فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە". وە ئەلبانیش بەحەسەنی داناوە (صحيح الترغيب والترهيب)(ب١/ل٣١٨/ژ٤٦٤)

[٥٢] حەسەنە. تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ٧٧٤١) ڕیوایەتی کردوە ، مونذري ئەفەرموویێت: "سەنەدی حەدیسەکە (جيد)ە باشە". وە ئەلبانیش بەحەسەن و صەحیحی داناوە باسەیری (صحيح الترغيب والترهيب)(ب١/ل٣١٩/ژ٤٦٧)بکرێت ، وە ابن حەجەری هەیثەمی ئەفەرموویێت: "سەنەدەکەی (جيد) باشە (المجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٠٤/ژ١٦٩٣٤)

خۆشەویستمان ئەفەرمووێت: (بێگومان ئەگەر بێت و بۆ زیکری خوا (ﷻ) دابنیشم لــە نێــوان هــەردوو هەڵاتگەکــەو ئاوابووەکــە، لام خۆشەویسترە لەوەی کەوا جەنگ بکەم تاوەکوو ئەکوژرێم لە پێنــاو خوای گەروە (ﷻ) )[٥٣]. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (بێگومان ئەگەر بێت و لەگەڵ کۆمەڵێك لە دوای نوێژی بەیانیەوە زیکرو یادی خوا بکەم تاوەکوو ڕۆژهەڵاتیٚ ئــەوە لام خۆشەویســترە لــە دونیــاو ئەوەی لەناویشدا هەیە، وە بێگومان ئەگەر بێت و لەگەڵ کۆمەڵێك لەدوای نوێژی عەسر زیکرو یادی خوا بکەم تاوەکوو ڕۆژ ئــاوابوونیٚ ئەوە لام خۆشەویسترە لە دونیاو ئەوەی لەناویشدا هەیە)[٥٤].

---

[٥٣] ئەو حەدیسەم بەو لەفزە نەدۆزیەوە بەلاٌم نزیك لەو بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە (ئەگەر بێت و نوێژی بەیانی بکەم و پاشان دابنیشم لە شوێنی دانیشتی خۆم، جا یادی خوا بکەم تاوەکوو ڕۆژ هەڵاتیٚ، ئەوە لام خۆشەویسترە لە خۆ قایم کردن لەسەر ئەسپی ئامادەکراو بۆ غەزا لەپێناو خوا). تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ٥٧٦١) وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب١/ل٢٣٥) وە بەیهەقی بە مەرفوعی لە موعازی کوڕی جەبەلەوە لە (شعب الإيمان)(ژ٦٦٥) وە عبد الرزاق لە(مصنف عبد الرزاق)(ژ٢٠٢٧) ڕیوایەتیان کردووە. ئیبن وحەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی لە کەبیر و ئەوسەت ڕیوایەتی کردووە، وە سەنەدەکانی زەعیفە (المجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٠٥/ژ١٦٩٤٦).

[٥٤] حەسەنەو شاهێدیشی هەیە. بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ٥٥٥) لەئەنەسەوە(رضي الله عنه) ڕیوایەتی کردووە. ئەلبانی ئەفەرمووێت: زەعیفە (سلسلة

## * گشت ڕۆژێك خێرێك هەیە لەسەر لاشەكەت *

هەروەها ئەفەرمویێت: (كاتێك كە بـەیانیتان بەسـەردا دێـت خێرو چاكەیەك لەسەر هەر ئەندام و ئێسـك و جومگەیـەكی ئێـوە هەیە كە ببەخشێت، جا هەموو (سُـبْحَانَ اللَّه) یـەك چـاكەیە، وە هەموو (الحَمْدُ للَّه) یەك چاكەیە، وە هەموو ( لآ اِلهَ الاَّ اللَّه) یـەك چاكەیە، وە هـەموو ( اَللّهُ أكْبَـرُ) یـك چـاكەیە، وە فـەرمان كـردن بەچاكە چـاكەیە، وە ڕێگـری كـردن لـە خراپـە چـاكەیە، جـا بـۆ ئەنجامدانی ئەو چاكانەی كە لەسەر ئەندام و ئێسك و جومگـەكانی لاشە دانراوە كە بیاندات، ئەوو ئەكرێ و بەسە دوو ڕەكعەت كە لە

---

الأحادیث الضعیفة)(ب٥/ل٣٢٤/ژ٢٢٩٨). وە مەنناوی ئەفەرمووێت: سەنەدەكەی حەسەنە (التیسیر بشرح الجامع الصغیر)(ب٢/ل٢٨٧) وە ئەم فەرموودەیەش شاهێدە لەسەری (فەرموودەكە بە لەفزی خۆی بەدرێژی هاتووە.... تەنها لێرە ئەفەرمووێت: لام خۆشەویسترە لەئازادكردنی چوار كۆیلە لە نەوەكانی اسماعیل پێغەمبەر(ﷺ) ) ئەم ڕیوایەتە ئەبو داود (ژ٣٦٦٧) غەیری ئەویش ڕیوایەتیان كردووە، ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (صحیح الترغیب والترهیب)(ب١/ل٣١٨/ژ٤٦٤) خۆشەویستان ئەمەش یەكێكە لەو بەڵگانەی كە زیكری بەكۆمەڵ سوننەتە نەك بیدعە وەكوو هەندێك لە برا ئازیزو دڵسۆزەكانمان كە لەسەر ئەم بابەتە دونیایان وێران كردووە بەسەر ئەوانەی كە ئەڵێن سوننەتە (انا للە وانا الیە راجعون). وەرگێر

نوێژی چێشتەنگاوە ئەیان کات جێگای ئەو چاکانە پڕبکەنەوە)[55] وە هەروەها فەخری کائینات ئەفەرمووێت: (سێ سەدو شەست جومگە لە لاشەی مرۆڤدا هەیە، جا لەسەریەتی لە بەرامبەر ئەم بەخششە گەورەیە کە خوای گەورە (ﷻ) بە مرۆڤی بەخشیوە خێرو چاکەیەك بکات، وتیان: جا کێ هەیە بتوانێ ئەمە بکات ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: شاردنەوی چڵم و بەڵغەم لەمزگەوتدا[56] یاخود لابردنی شتێك لەسەر

---

[55] صەحیحە. موسلم (ژ٧٢٠) وە أبو داود (ژ١٢٨٥) وە أحمد (ژ٢١٤٧٥) وە ابن خوزیمە (ژ١٢٢٥) وە غەیری ئەمانەش لە ئەبو زەڕی غیفاریەوە ریوایەتیان کردووە .شوعەیب ئەڕنائوت و ئەلبانی دەڵێن: حەدیسە کی سەحیحە باسەیری (مسند الامام أحمد بتحقیق شعیب الأرناؤط)(ب٣٥/ل٣٧٧) وە(صحیح الجامع الصغیر)(ب٢/ل٣٤٦/ژ٨٠٩٨)، تێبینی: وشەی (سُلامَيْ) کە لە فەرموودەکەدا هاتووە جا ئیمامی مەنناوی لەئیمامی نەوەوی نەقلی کردوە کەدەفەرموێت: بەئەندام و لاشە گوتراوە وەدەش گوترێت جومگەکان وە پەنجەکان ، وەقازی بەیزاویش دەڵێ مەبەست پێ ی ئێسکە باسەیری (فیض القدیر)(ب٤/ل٣٢٢/ژ٥٤٦١) هەر بۆیەش لەکردنەوەی بۆ کوردی من هەرسێ واتام هێناوە کە (ئەندام و ئێسك و جومگە)یە بۆئاگاداریت . وەرگێر

[56] بێ گومان مزگەوتی ئەو کاتە کاشی و مەڕمەڕ و چەمەنتۆ نەبووە هەرخاکێکی ڕووت بووە، بۆیە وای فەرمووە خۆشەویست تا لە ژێر خاکدا بیشاریتەوە، بەلاّم ئێستاکە وانیە چۆن دەیشارێتەوە مەگەر بەشوشتن نەبێت لا ناچێت جا وریابە مزگەوت پاك ڕابگرە. وەرگێر

ڕێگا[٥٧] جا ئەگەر نەتوانی ئەنجامی بدەی ئەوە دوو ڕەکعەت نوێـژی چێشتەنگاو بەسە بۆت بۆ بەدەستهێنانی ئەم پاداشتە)[٥٨].

﴿رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحاً تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ﴾ آمين آمين يارب العالمين .

(پەروەردگارم یارمەتیم بدە بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری ئەو بەخشانەت بم کە تۆ بەمن و دایك و باوکی منت بەخشیوە، وە کردەوەی چاك بکەم کەتۆ پێ ی ڕازی بیت ، وە بەمیهرەبانی خۆت بمخەرە سەر ڕێگای پیاوچاکان). آمين آمين يارب العالمين

وە نوێژی چێشتەنگاو: کەمترین ڕەکعەتی ئەو نوێژە دوو ڕەکعەتە، تا هەشت ڕەکعەت وە ناوەندەکەشی چوارو شەش ڕەکعەتە، وە هەروەها کاتەکەشی هەر بەهەڵاتنی خۆرو بەرزبوونەوەی بە ئەندازەی ڕمێك (بەکاتژمێری ئێستاکە بۆ نمونە کاتژمێر (٦) ی بەیانی خۆر هەڵدێت دەست بە نوێژەکە ناکەیت تا

---

[٥٧] هەرشتێکی ئازار بەخش کە موسڵمانان نارەحەت بکات لەسەر ڕێگا. وەرگێر

[٥٨] صەحیحە. ئەبو داود (ژ٥٢٤٢) وە ئیمام أحمد (ژ٢٢٩٩٨) ڕیوایەتیان کردووە، شوعەیب ئەرنائوت دەڵێ: صەحیحە بەغەیری خۆی وە سەنەدەکەشی بەهێزە (مسند الإمام أحمد بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب٣٨/ل١٠٤) وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە (صحيح الترغيب والترهيب)(ب١/ل٤٢٠/ژ٦٦٥)

ئەبێتە (٦:١٥) شەش و چارێگ واتە: چارێگەك هەموو جارێ پاش خۆر هەڵاتێ دەست بەنوێژەکە ئەکەیت، لەبەر ئـەوەی لەگـەڵ خـۆر هەڵاتن نوێژ کردن قەدەغەکراوە لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ)).

## * کاتەکەت بەنرخە مەیگۆڕەوە بەدونیا *

"بەڵێ خۆشەویستان"

بـا سـوود لـە کـات وەربگـرین چـونکە ئـەوە بەشمانـە بـە بەردەوامی، وە مانەوەمان بەهەتا هەتایی لـە بەهەشـتەکانی خـوا (ﷻ)، بۆیە با یادی خوا بکەین (ﷻ) تاوەکوو نەکەوینە نـاو بـێ ئاگایی، وە هەروەها کەم و کوڕی لەپەرستشەکان لـە کاتـە دیـاری کراوەکان و ژمێردراوەکان دروست نەبێت، جا لەوانـە خوێندنـەوەی قورئانی پیرۆز، لە ئیبن و عەبباسەوە ڕیوایەت کـراوە (رضي الله عنهما) کـەوا پیاوێـك وتـی: کـام کـردەوە بـە لای خـواوە خۆشەویسـترە ئـەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ ئەویش فـەرمووی: حـاڵێکی ڕۆیشـتکەر ئەویش وتی حاڵی ڕۆیشتکەر چـی یـە؟ فـەرمووی : وێنـەی بـەوە ئەهێنرێتەوە لە سەرەتای قورئانەوە  کە دەست بەخوێنـدن ئـەکات تـاوەکوو کۆتاییەکـەی، جـا کاتێـك کـە تـەواو ئـەبێت دووبـارە

ئەڕواتەوە)[٥٩] واتە قوڕئان خوێن دەست بەخوێندنەوەی قوڕئان ئەکات ئەکات تاوەکوو کۆتاییەکەی جا هەرکاتێك خەتمێکی کرد دەست

[٥٩] حەسەنە بەغەیری خۆی. ترمذی (ژ٢٩٤٨) وە حاکم (ژ٢٠٨٨) وە دارەمی (ژ٣٨٠٣) وە مەڕوەزی لە (مختصر قيام الليل وقيام رمضان)(ب١/ل٢٦٠) وە بەیهەقی لە(شعب الإيمان)(ژ١٩٠٦) وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٢/ل٢٦٠) ڕیوایەتیان کردووە، ئەبو نوعەیم ئەفەرمووێت: ئەو فەرموودە غەریبە. وە ئەمە بەسەنەدی ئیبن و عەباس: ( حدثنا نصر بن علي الجهضمي قال حدثنا الهيثم بن الربيع قال حدثنا صالح المري عن قتادة عن زرارة بن أوفى عن ابن عباس عن النبى (ﷺ)) جا ترمذی ئەفەرمووێت: "فەرموودەکەی ئەم ڕێگایە غەریبە سەنەدەکەی بەهێز نیە". بەڵام ئەو فەرموودە لە ڕێگایەکی تردا کە زوراڕەی کوڕی ئەوفا بە مەرفوعی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ڕیوایەتی کردووە ئیبن وعەباسی تێدا نیە (حدثنا محمد بن بشار قال حدثنا مسلم بن ابراهيم قال حدثنا صالح المري عن قتادة عن زرارة بن أوفى عن النبى (ﷺ)) جا ترمذی ئەفەرمووێت: "ئەو ڕێگایە لای من صەحیح ترە لە ڕێگاکەی تر". (بۆیە ئەگەر بەڕێگای ئیبن وعەباسی ڕیوایەتت کرد زەعیفە بەڵام بە ڕێگای زوراڕە بە مەرفوعی ڕیوایەت کەی صەحیحە، جا ئەم صەحیحە شاهێدە بۆ فەرموودە زەعیفەکەو بەرزی ئەکاتەوە بۆ پلەی حەسەنیەت چونکە شاهێدی هەیە) وەرگێر. وە حاکم لەسەر ئەم ڕیواتە کە لە ئیبن وعەباسەوە هاتووە بێ دەنگە، وە ساڵحی موڕڕی تێدایە لە زاهیدەکانی بەصرەیە شەیخەین حەدیسیان لێ تەخریج نەکردووە، بەڵام هەمان فەرموودە شاهێدی هەیە بە فەرموودەی (ئەبو هورەیرە) حاکم (ژ٢٠٩٠) ڕیوایەتی کردووە بڕوانە: (المستدرك على الصحيحين) وە بێ دەنگیشە لەسەری، وە ئەلبانیش بەزەعیفی داناوە (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٤/ل٣١٥/ژ١٨٣٤).

بەخەتمێکی تر ئەکات، وە هەروەها خۆشەویستمان ئەفەرموویت: (لەناو خەڵکاندا کەسانێك هەن ئەهلی خوان، وتیان: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی: ئەوانە ئەهلی قورئانن ئەهلی تایبەتی خوای گەورەن (ﷻ) )[٦٠].

## * زیکرو پاڕانەوە دوای نوێژەکان *

وە هەروەها خوێندنی زیکرەکانی دوای نوێژە فەرزەکان، هەروەکوو خوای گەورە (ﷻ) ئەفەرموویت: ﴿وَمِنْ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ﴾[٦١]، بەخوێندنەوەی فەتحە ( أدبار) لە

[٦٠] صەحیحە. نەسائی لە(سنن الكبری)(ژ٧٩٧٧) وە ابن ماجە (ژ٢١٥) وە ئیمام أحمد (ژ١٢٢٧٨) وە حاکم (ژ٢٠٩٨) وە بەززار (ژ٧٣٦٩) وەبەیهەقی لە(شعب الإيمان)(ژ٢٤٣٤) وە غەیری ئەمانەش لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە، شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرموویت: "سەنەدەکەی حەسەنە (مسند الإمام أحمد بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب١٩/ل٢٩٦)، ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە (صحيح الترغيب والترهيب)(ب٢/ل١٦٨/ژ١٤٣١) ئیمامی مەنناوی لە ئیمام عەسکەریەوە نەقڵی کردووەو ئەفەرموویت: مەبەست بەئەهلی خوا ئەوە واتاکای خواستراوە مەجازو فراوانی یە لەبەر ئەوەی کاتێك نزیکیان ئەخاتەوە لە خۆی تایبەتیان ئەکات وەکوو بڵێ ی ئەهلی ئەو بن)(فیض القدير)(ب٢/ل٤٩٥/ژ٢٣٧٤).

[٦١] ق ٤٠ واتە: (لە شەویشدا تەسبیحات و یادی خوا بکە، هەروەها لە دوای نوێژەکانیش) وشەی ( اِدبار) بەکەسرە (نافع و ئیبن وکەثیر و حەمزەو ئەبو جەعفەر

خوێندنەوەیەکی تردا بە(إِدبار) بە کەسرە هاتووە، ئەمەش دڵنیاکەرەوەیە بۆ زیکرەکانی دوای نوێژەکان هەروەکوو خوای مەزن (ﷻ) ئەفەرموویێت: ﴿فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ ۞ وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ﴾[٦٢]، واتە: (جا کاتێك لە نوێژ یاخود هەرکارێکی کاچە ئەبیتەوە، ئەوە خۆت ماندوو بکە بە کارێکی تری خێرو چاککەوە، وە پێویستی خۆشت لە پەروەردگارت داوا بکە).

ئیبن و جەریرو غەیری ئەویش ئەسەرێکیان ڕیوایەت کردووە لە چەند ڕێگایەکەوە لە ئیبن و عەبباسەوە (رضي الله عنهما) کەوا خوای گەورە (ﷻ) بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت : (کاتێك لە نوێژەکەت بوویتەوە لەوەی کە لەسەرت فەرز کراوە جا لە خوای گەورە (ﷻ) داوا بکە و ڕەغبەتت هەبێت بۆ لای، وە خۆت ماندوو بکە و زۆر لیّ ی بپاڕێوە و موبالەغە بکە لە نزاکان)[٦٣]. ئیبن و عومەر (رضي الله عنهما) ئەفەرموویێت: (نوێژی مەغریبمان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ)

---

خەلەفولعاشر)خوێندوویانە، وە (أَدبار) بە فەتحە باقی قورئان خوێنەکان خوێندویانە با سەیری (فريدة الدهر في تأصيل وجمع القراءات)(ب٤/ل٤٧٤) بکرێت، هی محمد ابراهيم محمد وەفاتی (و١٤٣٠ھ).

[٦٢] الشرح ٧-٨.

[٦٣] (تفسير القرطبی) (ب٢٠/ل١٠٨).

کرد، جا ئەوەی گەڕاوە گـەڕاوە ئـەوەی دانیشـت دانیشـت [64] جـا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خێرایی هات، تەنگە نەفەس ببوو لەبەر خێراییەکەی و ئەژنۆکانی دیاربوون، فەرمووی: مـوژدە بـدەن ئـەوە پەروەردگارتانە دەرگایەك لە دەرگاکانی ئاسمانی کردەوە، شانازی بە ئێوەوە ئەکات لای فریشتەکان وە ئەفەرموویێت: سـەیری بەنـدەکانم بکەن فەرزەکەیان بەجێ هێنا ئەوان چاوەڕێ ی فەرزێکی ترن)[65]. وە لە ئـەبو هـورەیرەوە (ﷺ) ڕیوایـەت کـراوە کـەوا فەرموویـەتی: (هـەژارەکان هاتنـە لای پێغەمبـەر (ﷺ) وە پێیـان وت: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کەسـە سـەرمایەدارەکان ڕۆیشـتن واتـە: (پێشکەوتن) بەهۆی پلەکان و بەهەشتی نیشتەجێ و بـۆ بەهەشـتی نەبڕاوەوە، ئەویش فەرمووی: ئەوە چۆن؟ وتیان: نوێژیان کرد وەکـوو ئێمە، جیهادیان کرد وەکوو ئێمە، وە لە ماڵـە زیادەکانیـان دەیـان بەخشـی بـەڵام ئێمـە هـیچ ماڵێکمـان نـی یـە، فـەرمووی: ئایـا

---

[64] مەبەستی لە دوای نوێژەکە ئەوەی ڕۆیشت و گەڕاوە سەر کاری یاخود ماڵەوەی، وە ئەوەی دواکەوتوو دانیشت نەڕۆیشت. وەرگێڕ

[65] صەحیحە. ئیبن و ماجە (ژ٨٠١) وە أحمد (ژ٦٧٥٠) وە بەززار (ژ٢٣٦٥) شوعەیب ئەڕنائوت ئەفەرمووێت: "ڕیوایەتەکە صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم، وە ئەلبانیش موافقە لەسەری با سەیری (مسند الإمام أحمد بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب١١/ل٣٦٢) وە (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٢/ل٢٦٥/ژ٦٦١) بکرێت.

ئاگادارتان بکەمەوە بەشتێك کە بە ئەوانەی پێش خۆتان ئەگەن، وە بە پێش ئەوانەش ئەکەون کە لە دواتانەوە دێن، وە هیچ کەسێکیش ناتوانیٚ وێنەی ئەوشتە بێنیٚ کە ئێوە هێناوتانە مەگەر کەسێك وەکوو ئێوە هێنابێتی، جا ئێوە لە دوای هەموو نوێژێکا دە جاران (سُبْحَانَ اللَّه) وە دە جاران (اَلحَمْدُ للّه) وە دە جاران (أَللهُ أَڪْبَرُ) بکەن). جا لەڕیوایەتی موسلیم دا هاتووە: کەوا هەژارە کۆچەریەکان هاتنەوە لای پێغەمبەر (ﷺ) وتیان: برا خاوەن ماڵەکانمان گوێیان لیٚ بوو لەوەی کە ئێمە کردوومانە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ) ئەمە چاکەو بەخششی خوایە ئەی دات بە هەر کەسێك کە ویستی لیٚ بێت)[٦٦].

هەروەها خۆشەویست ئەفەرمووێت: (هەر کەسێك لە دوای نوێژەکان سی و سیٚ جار (سُبْحَانَ اللَّه) بکات، وە سی و سیٚ جار (اَلحَمْدُ للّه) بکات، وە سی و سیٚ جار (أَللهُ أَڪْبَرُ) بکات، ئەوە بووە نەوەدو نۆ، جا فەرمووی: بۆ تەواو کردنی سەدەکە ئەمە بڵێن: ﴿لَآ اِلَهَ اِلاَّ اللَّهُ ۞ وَحْدَهُ لَآ شَرِيكَ لَهُ ۞ لَهُ الْمُلْكُ ۞ وَلَهُ الْحَمْدُ ۞

[٦٦] صەحیحە. بوخاری (ژ٦٣٢٩) وە موسلم (ژ٥٩٥) وەغەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکە هی بەخاریە ئەوەی تریش هی موسلیمە، جا لەڕیوایەتی موسلیم دا ژمارەکان سی و سیٚ جار سی و سیٚ جارە لە بری دە جار بۆیە ئاگاداربە!.

وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾. جا خوای گەورە (ﷻ) لە گوناهەکانی خۆش ئەبێت ئەگەرچی بەوێنەی کەفی سەر دەریاش زۆر بێت)[٦٧].

زانای پایەبەرز (ئیبن و لقەیم)(رحمه الله) ئەفەرمووێت: لە ئەبو عەبباس ئیبن و تەیمیەی شیخمان پێم گەیشتووە (قدس سره) کەوا فەرموویەتی: وازم لە خوێندنەوەی (آیة الكرسي) نەهێناوە دوای هەموو نوێژێك، ئەمەش بە کارکردن بەو فەرموودەیەی کە ئەبو ئومامە (رضي الله عنه) بە مەرفوعی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ڕیوایەتی کردووە: (هەرکەسێك (آية الكرسي) بخوێنێت دوای هەموو نوێژێکی فەرز، ئەوە هیچ شتێك ڕێگای چوونە بەهەشتی لێ ناگرێت تەنها مردن نەبێت)[٦٨]، جاشێخ ئیبن و تەیمیە(رحمه الله) لەفزی (دُبُرِ كُلِّ صَلاةٍ) بەمانای دوای هەموو نوێژێك لێکداوەتەوە)[٦٩].

---

[٦٧] صەحیحە. موسلم (ژ٥٩٧) وە نەسائی لە (سنن الكبرى)(ژ٩٨٩٥) وە أحمد (ژ٨٨٣٤) وە ئیبن وخوزەیمە (ژ٧٥٠) وە مالك (ژ٧١٤).

[٦٨] صەحیحە. نەسائی لە (عمل اليوم والليلە)(ژ٩٨) وە تەبەڕانی لە (معجم الكبير) (ژ٧٥٣٢) وەبەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ٢١٦٧) وە ئەبو نوعەیم لە (تأْريخ أصْبَهان)(ب١/ل٤١٧) ڕیوایەتیان کردووە. ئیبن وحەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی لە (کەبیر و ئەوسەت) بە چەند سەنەدێك ڕیوایەتی کردووە جا یەکێکیان سەنەدێکی (جيد)ە باشە (المجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٠٢/ژ١٦٩١٩). وە مونذری ئەفەرموێت: نەسائی و تەبەڕانی بە چەند سەنەدێك ڕیوایەتیان کردووە جا یەکێکیان صەحیحە وەشێخ مان ئەبو حەسەن ئەفەرمووێت: لەسەر شەڕتی بوخاریە، وە ئیبن

هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەفەرموێت: (هەرکەسێك دوای نوێژی بەیانی و مەغریب پێش ئەوەی هەستێتەوەو شێوازی پێ یەکانی بگۆڕێت، دە جاران بڵێ: ﴿لَآ اِلَهَ اِلاَّ اللَّهُ ۞ وَحْدَهُ لَآ شَرِيكَ لَهُ ۞ لَهُ الْمُلْكُ ۞ وَلَهُ الْحَمْدُ ۞ بِيَدِهِ الْخَيْرُ ۞ يُحْيِ وَيُمِيتُ ۞ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ ئەوە بە ئەندازەی هەر وشەیەك دە چاکەی بۆ ئەنوسرێت، وە دە گوناهیشی لەسەر ڕەش ئەکرێتەوە، وە دە پلەش لای خوا بەرز ئەێتەوە، وە بۆشی ئەبێتە پارێزەرێك لە هەموو شتێکی خراپ و شەیتانی ڕەجم کراو، وە بۆ هیچ گوناهێکیش نی یە کە ئەو کەسە توشی ئەبێت لێ ی نەبوردرێت تەنها هاوبەش دانان نەبێت، وە لە باشترین کردەوەکانی

---

وحبان لە پەرتوکی (الصلاە) بەسەحیحی داناوە (الترغیب والترهیب)(ب٢/ل٢٩٩/ژ٢٤٦٧). وە حافیزی ئەبو فەیزی غوماری ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی صەحیحە لەسەر شەرتی بوخاریە وەنەقڵی کردووە لەحافیزی ابن حەجەر لە (تخريج أحاديث المشكاة) کە ئەفەرمووێت: "ئیبن ولجەوزی بێ ئاگایە لەوەی فەرموودەکەی لە کتیبی (الموضوعات)دا هێناوە واتە: بەڕێزیان ئەم فەرموودەی بە هەڵبەستراو بە دەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) داناوە) جا ئەمەش یەکێکە لە ناشیرین ترین ئەو شتانەی کە تێی کەوتووە) باسەیری (المداوی لعلل الجامع الصغیر)(ب٦/ل٣٨٦/ژ٣٤٨٤). وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە لە ئەبو ئومامەوە (صحيح الجامع الصغير)(ژ٦٤٦٤).

[٦٩] (زاد المعاد)(ب١/ل٢٩٤).

مرۆڤە مەگەر پیاوێك باشتری بكات لەوەی ئەو و لەو باشتر بلّێ)[70]
واتە: (كەسێك وەكوو ئەو ئەیخوێنێ ئەگەر بیەوێ باشترینەكە لە ڕووی پاداشتەوە بەدەست بهێنێ زیاتر ئەم زیكرە ئەكات)[71].

پاشان خوێندنی زیكرەكانی بەیانیان و ئێواران كە لە سوننەتی پاك و پیرۆزدا هاتووە، وە كردنی ئەو كارانەی كە ئەكرێت لە كاتەكانی شەو و ڕۆژدا هەر لە بەئاگابوونەوە تا كاتی نوستن، وە گۆڕینی ئەو شتانەی كە موباحن نەپاداشتیان لەسەر كردنی هەیە، وە نە سزاشیان لەسەر تەرك كردنی هەیە، ئەمانە ئەبنە هۆی شتە نزیك بووەكان لە خوای گەورە (ﷻ) ئەمەش بەهۆی نیەتەوە ئەگۆڕدرێت، وەكوو حالّی ئەو كەسەی كە خواردن ئەخوات بە مەبەستی ئەوەی یارمەتی دەربێت بۆ خواپەرستی، وە نوستنیش هەر بەو جۆرەیە بۆ ئەوەی لاشە چالاكی هەبێت بۆ شەو نوێژو غەیری ئەویش، جا لەو كاتەدا هەردوكیان ئەبێتە خواپەرستی

[70] حەسەنە. ئیمام أحمد (ژ١٧٩٩٠) ڕیوایەتی كردووە. ئەلبانی و شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرموون: "فەرموودەكە حەسەنە بە غەیری خۆی باسەیری (صحيح الترغيب والترهيب)(ب١/ل٣٢٣/ژ٤٧٦)، وە (مسند الإمام أحمد بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب٢٩/ل٥١٢) بكرێت. وە هەیثەمی ئەفەرمووێت: "ئەحمد ڕیوایەتی كردووە، پیاوەكانیشی پیاوانێكی صەحیحن تەنها شەهری كوڕی حەوشەب نەبێت فەرموودەی حەسەنە (المجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٠٨/ژ١٦٩٥٧).
[71] وەرگێڕ

بەهۆی ئەم نیەتەوە، دەکەواتە کارەکە ئەوەندە گەورەیە بیری لێ بکەرەوە، وە هەروەها مەجلیسی زانست و زیکر و فەرمان بەچاکەو ڕێگری کردن لە خراپە و هاوڕێ یەتی کردنی خواناسەکان بە تایبەتی ئەم هاوڕێ یەتی کردنە ئەبێتە هۆی زیادکردنی تەقواو خواناسی، وە بەردەوام بوون لە زیکر کردن لە هەموو کارو بارەکاندا بە گشتی هەروەکوو خوای گەورە (ﷻ) ئەفەرموێت: ﴿رِجَالٌ لا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ﴾[٧٢] واتە: (پیاوانێك هەن کڕین و فرۆشتن و بازرگانی سەرقاڵ و مەشغوڵیان ناکەن لە زیکری خوا (ﷻ) ئەمان بەردەوام لە زیکر کردندان). موعازی کوڕی جەبەل (رضي الله عنه) ئەفەرموێت: کۆتا وشە کە پێغەمبەری خوام (ﷺ) لەسەری بەجێ هێشت، وتم: کامە کردەوە بە لای خواوە باشترو خۆشەویسترە؟ فەرمووی: بمریت و زمانت تەڕ بێت بەزیکرو یادی خوا (ﷻ))[٧٣].

[٧٢] النور ٣٧

[٧٣] صەحیحە. بوخاری لە (خلق أفعال العباد)(ب١/ل٧٢). وە ئیبن وحبان لە (موارد الظمآن الى زوائد ابن حبان)(ژ٢٣١٨). وە بەززار لە (کشف الأستار)(ژ٣٠٥٩). وە بەیهەقی لە (شعب الإیمان)(ژ٥١٣). وەبەڕانی لە (معجم الکبیر)(ژ١٨١). وە ئیبن وسوننی لە (عمل الیوم واللیلة)(ب١/ل٤) ڕیوایەتیان کردووە، شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: فەرموودەکی حەسەنە (مسند الإمام أحمد بتحقیق شعیب

## * زیکری اللَّه اللَّه بەنهێنی لەدلّ و دەروندا *

ئینجا ئامادەبوونی بیرو ئەندێشە بەرامبەر بە گەورەیی خـوای مەزن، وە زیکر کردنی خـوای گـەورە (ﷻ) بـە دلّ واتـە: بـە دلّ زیکرەکە ئەکەی و بیرو خەیاڵیشت لای زیکرەکەت ئەبیٚ و هەسـت بە چاودێری خوای مەزن ئەکەی بە سەرتەوە، ئەمـە پلەیـەکی زۆر مەزنە هەروەکوو پـەروەردگارمان ئەفـەرموێت: ﴿وَاذْكُـرْ رَبَّـكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنْ الْقَـوْلِ بِالْغُـدُوِّ وَالآصَـالِ وَلا تَكُنْ مِنْ الْغَافِلِينَ﴾[٧٤]، واتە: (یادی پەروەردگارت لە دلّ و دەرونـی خۆتدا بە لالأنەوەو ترسەوە بکە و بیٚ ئەوەی دەنگـت بەرزکەیتـەوە لەکاتی بەیانیان و دەمەو ئێوارانداǃ وە لەو کەسانەش مەبە کە بـیٚ ئاگان لە خوای مەزن (ﷻ)). وە هەروەها ئەفـەرموویێت: ﴿وَاذْكُـرْ اسْمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَأَصِيلاً﴾[٧٥]، واتە: (یـادی نـاوی پـەروەردگات لـە بەیانیان و ئێوارانـدا بکە). وە لەئایەتێکی تردا هاتوە: ﴿قُلْ اللَّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ﴾[٧٦]، واتە: (ئەی محمـد (ﷺ) بـەکافرەکان

---

أرناؤط)(ب٣٦/ل٣٩٨/ژ٢٢٠٧٩)، وە ئەلبانیش بەحەسەن وسەحیحی داناوە (صحیح الترغیب والترهیب)(ب٢/ل٢٠٣/ژ١٤٨٩).

[٧٤] الأعراف ٢٠٥.

[٧٥] الإنسان ٢٥.

[٧٦] الأنعام ٩١.

بڵێ: هەر الله یە خۆی کتێبەکانی دابەزاندووە و فێرشی کردوون، لە مەودوا تۆ وازیان لێ بهێنە با لە بەتاڵ و نادروستی خۆیاندا ڕۆبچن و گەمەو یاری خۆیان بکەن). هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَاماً وَقُعُوداً وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ﴾[77]. واتە: (خاوەن عەقڵەکان ئەو کەسانەن کەوا یادی خوای گەورە بە پێوەو دانیشتن و درێژ بوونەوە ئەکەن، وە بیر لە چۆنیەتی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی ئەکەنەوە).

وە هەروەها خوا گیان لە فەرموودەیەکی قودسیدا ئەفەرمووێت: (ئەوەی لە دڵ و دەروونی خۆیدا یادم بکات منیش لە نەفسی خۆمدا یادی دەکەم)[78] واتە : ( ئەوەی یادم بکات بەبیرو خەیاڵ و ئەندێشەی هاوکات بێت لەگەڵ ڕۆح و دڵ، ئەوە منیش ڕەحمەتێکی بەسەردا ئەبارێنم کە هیچ فریشتەیەك ناتوانێ سەیری بکات و پاداشتەکەی بنووسێ) زانای بلیمەت ئیبن و لقەیم (رحمه الله) ئەفەرمویێت: (زیکر کردن و بیرکردنەوە دوو پلەن کەوا هەموو جۆرە مەعریفەت و حەقیقەتەکانی ئیمان و ئیحسان بەرهەم ئەهێنن، جا کەسی خواناس بەردەوام ئەبێت بەهۆی بیرکردنەوەکانی لەسەر

---

[77] آل عمران ١٩١

[78] صەحیحە. بوخاری (ژ٧٤٠٥) وە موسلم (ژ٢٦٧٥) لە ئەبو هورەیرەوە، وەغەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردوە.

زیکرەکـــانی، وە بـــەهۆی زیکرەکـــانی لەســـەر بیرکردنـــەوەکانی هەتاوەکوو قوفلّی دلّی ئەبێتەوە بە ویستی فەتتاح و عەلیم)[79] کـە خوای پەروەردگارە.

خۆشەویستمان دەفەرموێت : (قیامەت هەلٚناسێت هەتاوەکوو لەسەر زەویدا ناگوترێت ( الله الله) (ﷻ))[80].وە لە ڕیوایەتێکی تردا تردا هاتووە (قیامەت هەلٚناسێت بەسەر هیچ کەسێکدا کە ئەلٚێ : الله الله)[81].

---

[79] (مدارج السالكين)(ب١/ل٤٤٠) (والله قسەکەی تەواوە ئەوەی بەکردار ئەمەی نەکردبێت قسەکەی ئەو زانابەرزە وەکوو قسەیەکی پەخشان و بریقەدار دێتە بەرچاوی، چونکە هەزاران نهێنی لەو بیرکردنەوەو زیکرە قەلبیەدا هەیە خوایەگیان دلّمان بکەیتەوە بەنوری فەتتاحیەتی خۆت آمین). وەرگێر

[80] صەحیحە. موسلیم (ژ١٤٨) وە ترمذی (ژ٢٢٠٧) وە ئیبن وحبان (ژ٦٨٤٩) وە أحمد (ژ١٢٠٤٣) وە حاکم (ژ٨٥١١) غەیری ئەمانەش لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە. وە حاکم ئەفەرموویێت: صەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین وە زەهەبیش موافقە لەسەری ، شوعەیب ئەرنائوت دەلٚێ : سەنەدەکەی صەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین ، (مسند الإمام أحمد بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب١٩/ل١٠٠). ئەلبانیش بەصەحیحی داناوە (صحيح الجامع الصغير)(ژ٧٤٢٠)

[81] صەحیحە. موسلم (ژ١٤٨) ڕیوایەتی کردوە بەرێگایەکی تر لەئەنەسی کوری مالك(ﷺ).

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکوو لەسەر زەوی ناگوترێت (لَآ اِلَهَ اِلاَّ اللَّهُ))[82].

جا خۆشەویستان ئەمە بەڵگەیە لەسەر دروستی زیکری خوا بە ناوی هەرە مەزن کە ( الله ) یە، وە خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾[83] واتە : (بەڵێ ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هێناوە وە دڵەکانیان ئارام و هۆگرە بەیادی الله، ئاگاداربن هەر بەزیکری الله دڵەکانتان ئارام و پڕ ئیمان و مەعریفەت و حەقیقەت ئەبێت)[84].

---

[82] صەحیحە. أحمد (ژ١٣٨٣٣)حاکم (ژ٨٥١٢) وە ابن حبان (٦٤٤٩) ڕیوایەتی کردوە ، شوعەیب ئەرنائوت دەڵێ : سەنەدەکەی صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم، (مسند الإمام أحمد بتحقيق شعيب أرناؤط)(ب٢١/ل٣٣٢) وە حاکم ئەفەرموویێت: صەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین، وە زەهەبیش موافقە لەسەری.

[83] الرعد ٢٨

[84] بەڵێ ڕاڤەوانانی قورئان ئەفەرموون: زیکری خوا قورئان و ئەو زیکرانەی کە هاتووە لە سوننەت، وە بیر کردنەوە لەگەورەیی خوا مەبەست پیێ ی ئەمانەیە، جا ئەهلی تەصەوفیش لەسەر ئەم لەفزە قورئانیە موعجیزە ناوازە نهێنی زیکری الله الله یان بەدڵ و بە زوبانیان تەحقیق کردووە، والله خێراترین ڕێگایە بۆ کردنەوەی قوفلی دڵ، وە گەیشتن بەپلەی ئیحسان تا ئەگەیتە پلەی ئیمانی شهودی بە چاوی دڵ وە بەچاوی سەر تەجرەبەی کە ئەوسا ڕاستی قسەی ئێمەت بۆ دەرئەکەوێت، وە درێژەی ئەم باسەمان لە کتێبی (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران) هێناوە. وەرگێر

هەروەها کاتێك حەزرەتی بیلالی کوڕی حەبەشی (رضي الله عنه) ئازار ئەدرا بەدەست کافرەکانی قوڕەیش ئەی فەرموو: ﴿أَحَدٌ أَحَدٌ﴾[٨٥] ئەمەش ناوێکە لەناوە جوانەکانی پەروەردگار (جل جلاله) جا زاناکان ئەفەرموون: گەورەترین ناوی خوای گەورە (اللّه) یە، چونکە ئەم ناوە عەلەمە بۆ زاتی خوا، بەوە خوای گەورە ئەناسرێت، وە ناوەکانی تریش سیفاتی بەرزی خوای گەورەن، جا کە تۆ بۆنمونە ئەڵێی (یَارَزَّاق) ئەوە بەسیفەتێك لەو پاڕاویتەوە کە سیفەتی ڕۆزی دەری بوونەوەرانە، بەلاّم کە وتت (اللّه) ئەوکاتە بەکۆی گشتی سیفاتی ئەو پاڕاویتەوە، چونکە هەموو سیفەتەکان پەیوەستە بەزاتێك ئەویش ناوی ( اللّه) یە (جل جلاله) واللّه أعلم.

"خۆشەویستەکەم" ڕۆژانە یا خود شەوانە هەوڵبدە نیو کاژێر ئەم زیکری (اللّه اللّه) یە بکە، بەلاّم بۆ کردنی ئەم زیکرە ئەم

---

[٨٥] ابن حبان (ژ٧٠٨٣) ابن ماجە (ژ١٢٢) ، ئەلبانی بەحەسەنی داناوە لە (صحیح الموارد)(ژ١٨٦٥) ، ئیمامی وەداعیش لە (صحیح المسند)(ژ٨٩٨) بەحەسەنی داناوە ، وە زەهەبی لە (تأریخ الإسلام)(ب١/لا٢١٧) بەسەحیحی داناوە ، وە ابن حەجەری عەسقەلانی لە (الإصابە)(ب٣/لا٦٣٤) دەڵێ : موڕسەلێکی (جید)ە باشە ، جائەوانەی کەدەڵێن: زیکری اللّه اللّه دروست نی یە دەبێ ڕەخنە لە حەزرەتی بلالیش بگرن کەدەیگوت (أَحَدٌ أَحَدٌ) وەرگێر ئەم باسەی زیادکردوە ، ئەگینا جەنابی شێخ نەیهێناوە لەپەیامەکە (خوای گەورە بیپارێزێ بۆ ئێمەو ئوممەتی ئیسلام) .

خالاَنەی خوارەوە جێ بەجێ بکە تاوەکوو بەزوو ترین کات دەرگـای دڵت ببێتەوە و بگەیت بە حەقیقەت.

دەست نوێژ هەڵگرە.

دوو ڕەکعەت نوێژ بکە.

لە شوێنێکی ئارام و بێ دەنگ دانیشە.

چاوت داخە.

دوو سێ خولەك بە دڵ و ڕۆح و خەیاڵت پەیوەندی بـە دڵـی پیاو چاکێك بکە کە پێی ئەگوترێت (مورشیدی کامل) واتە : زاناو ڕابەرێکی کامل ئەم سیفەتەش لە هەموو کەسێك نیـە ئـەم جـۆرە کەسە دەگمەنە لەناو خەڵك هەولڵدە بیدۆزەرەوە[٨٦].

[٨٦] شێخ ئەبو عەباس ئیبن و تەیمیە رحمه الله ئەفەرمووێت: (ئەگەر تۆ کەسێکت خۆش ویست لەبەر خوای گەورە، ئەوە خوای گەورە بۆ خۆی بووەتە ئەو خۆش ویستراوە، بۆیە هەر کاتێك کە تۆ لە دڵتا بیری لێ ئەکەیتەوە ئەوە بیرت لە خۆش ویستراوی ئەو خودایە حەقە کردوەتەوە بۆیە خۆشت ویستووە، هەر لەبەر هەندێش خۆشەویستیەکەت زیاد ئەکات، هەر وەکوو چۆن کاتێك باسی پێغەمبەر و پێغەمبەرانی پێشی ئەو و هاوەڵە بەرێزە چاکەکانیان ئەکەیت و لە دڵتدا خەیاڵیان بۆ ئەکەیت، جا ئەم کارە دڵی تۆ ڕائەکێشێ بۆ خۆش ویستنی خوای گەورە کە چۆن چاکەی لەگەڵ کردوون و بەخششی خۆی بەسەریاندا ڕێشتووە، ئینجا ئەگەر بێت و تۆ لەبەر خوای گەورە ئەوانت خۆش بوویت، ئەوە ئەو کەسەی کە خۆش ویستراوە لەبەر خوا ڕای ئەکێشێ بۆ خۆش ویستنی خوای گەورە، وە کەسی ئەویندار لەبەر خوا

(سوپاس بۆخوا ئێمە دۆزیمانەوە، خاوەنی ئەم نامیلکەیە کە حەزرەتی شێخ عەبباس حەسەنیە ئەم سیفەتەی تیٚ دایە هەوڵدەن ئێوەش لەو پەیوەندیەدا بن تا بکەونە دونیایەکی تر).
سورەتی ( الفاتحە ) یەکجار، وە ( آية الكرسـي ) یەکجار، وە (قل هو الله) سیٚ جار، وە (سەڵەوات) دە جاران بخوێنە.

زمانت لە بەشی سەرەوەی دەمت بدە، واتە: سەقفی دەم و مەیجولێنە بەگەرووت زیکری (الله الله) بکە نەك بەزمان.

لە ناو زیکرەکان بیر لە گەورەیی خواو ئایەتەکانی خوا بکەرەوە، وە هەوڵدە بیرت لای دونیا نەبێت، تاپلەی خواناسین و خۆناسینت زۆرتر بێت.
کاتێك زیکرەکان تەواو بوو چاوت بکەرەوە ئینجا ئەو دانیشتنەو زیکرەکانت هەدیەی مردووەکانی خۆتان و موسڵمانان بکە.

---

ئەگەر کەسێکی خۆش ویست لەبەر خوای گەورە، ئەو کاتە خوای گەورە خۆی بووەتە خۆشەویستی، بۆیە پێی خۆشە ڕایکێشیٚ بۆ لای خوای گەورە، وە هەر یەکێك لە ئەویندار و خۆشەویستی لەبەر خوا ڕای ئەکێشیٚ بۆ لای خوای گەورە)، بڕوانە: (مجموع الفتاوى)(ب١٠/ل٦٠٨) هی تقي الدين ئەبو عەباس ئەحمەدی کوڕی عبد الحليمی کوڕی تەیمیەی حەڕڕانیە (و٧٢٨ھ)

" تێبینی "

چەند ڕۆژێك بەردەوامبە تا دلٚت دەبێتەوە، جا هەرچەند دلٚت پاك و بیٚ غەش بێت زووتر دەبێتەوە ئەم كرانەوەیە جیهانێكە لەناو دلٚ و ڕوحت لەوە زیاتر ناتوانین باسی لیٚوە بكەین چونكە تیٚ گەیشتن لیٚ ی بۆ خەلٚكی ئەم سەردەمە بڕەك سەختە نامانەوێت ئەم زانستە بەدرۆ بخرێتەوە ، چونكە ئاگری ماددەو شەهوەت جیهانی ژوورەوەی مرۆڤەكانی تاریك كردوە ، ڕێگرە لەوەی نووری دلٚی خۆشەویست و عەرشی خوا بۆیان بێت الا كەسانێك نەبن بەلوتفی خۆی ئەم میهرەبانیەی لەگەلٚ كردوون ، وەكرانەوەكەش بەزانایاتی نی یە لەوانەیە كەسێك عەللامەی سەردەم بێت ئەم بەشەی نەبێت جا وادەزانیٚ هەموو شتێكی پیٚ دراوە ئای چەندە زۆرن لەو زانایانە كەچی لەبەردەم ئەم زانستەی دلٚ دەستەوسانن زەڕڕەیەكیشی لیٚ نازانن ، خوایە گیان چی تێدایە ئەگەر بیٚ بەشیان نەكەی لەم نوورە خۆتۆ لەتیفی واسعی عەلیمی آمین .

## * هۆنراوەیەکی ئیمامی شافعی و ئیمام ئەحمد *

ئیمامی شافعی (رضي الله عنه) لە شیعرێکدا ئەفەرمووێت: ( وَمـا تَقَلَّبْتُ مِنْ نَوْمِي وَفِي سِنَتِي * اِلاَّ وَذِكْرُكَ بَيْنَ النَّفْسِ وَالـنَّفَسِ )[87]

واته : خۆم وەرنەگێڕاوە لەکاتی نوستن و وەنەوزدا مەگەر زیکرت لە نێوان نەفسم و نەفەسمدا بووە.

هەروەها ئیمامی ئەحمەد (رضي الله عنه) لـە شـیعرێکدا ئەفـەرمووێت:

اِذا مَاخَلَوْتَ الدَّهْرَ يَوْمَاً فَلا تَقُلْ* خَلَوْتَ وَلَكِنْ قُلْ عَلَيَّ رَقِيبٌ

وَلا تَحْسَبَنَّ اللهَ يَغْفُلُ سَاعَةً * وَلا أَنَّ مَا تُخْفِيَ عَلَيْهِ يَغِيبُ[88]

واته : ئەگەر ڕۆژێکیان بەتەنیا مایتەوە لە ڕۆژگاردا مەڵێ تەنیام و بەتەنیا جێ ماوی بەڵکوو بڵێ چاودێرێك بەسەرمەوەیە کە ئـەویش الله یە، وا گومان مەبە کە خوا ساتێك بـێ ئاگـا ئـەبێت، وە ئـەو شتانەش کە شاراوەو بزرن لەو بزر ئەبێت.

---

[87] (ديوان الشافعى المسمى الجوهر النفيس فى شعر الإمام محمد بن ادريس)(لا٨٢)

[88] (الحلية الأولياء)(ب٩/لا٢٢٠) ئەبو نوعەیم بەسەندی خۆی ئەمەی لە ئیمام ئەحمد گێڕاوەتەوە، وە لەبری (يَغْفُلُ سَاعَةً) ئەو بە لەفزی (يَخْلُفُ مَامَضَى) واتا (واگومان مەبە بەخوا لەو شتانەی کە لە ڕابوردوو ڕوویانداوە ئەم لێ یان دوائەکەوێت زانیاریان دەربارەیان نابێت) هەمان مانا ئەدەن سەبارەت بەخوا والله اعلم.

## * گەورەیی زیکری نهێنی بەدڵ و دەروون *

(حافزی ئەبو نوعەیم (رحمه الله) لەئــەبو حەســەن عــەلی کــوڕی هاڕوونەوە ئەگێڕێتەوەو ئەفــەرمووێ: گــوێم لــە ئــەبو قاســم شــێخ جونەیدی کوڕی محمد[٨٩] بوو ئەیفەرموو: "ئــەبو جەعفــەر پرســیاری لێکرد: خوای گەورە ڕێزدارترت بکات چی ئەڵێی دەربارەی زیکــری نهێنی ئەمە چ زیکرێکە کەوا فریشتەکان ئاگاداری نــین و نــایزانن، وە لەکوێوە حەفتا جار زیاتر ( پاداشتی ) کردەوەی نهێنی زیاد کرا بەســەر( پاداشــتی ) کــردەوەی ئاشــکرادا؟ جــا وەڵامــی دایــەوەو فەرمووی: خوای گەورە ئێمەو ئێوەش سەرکەوتوو بکات بۆ چاکترین کاروبارو نزیکترینیان بۆ لای ئەو، وە ئێمەو ئێوەش بەکار بهێنێ بۆ ڕەزامەندترین کاروبارو خۆشەویسترینیان بۆ لای ئەو، وە بــە باشــە کۆتایی بەئێمەو ئێوەش بهێنێ، جا هەرچی ئەو زیکرەیە کە خــوای گەورە (جل جلاله) تایبەتی کردووە بەزانستی خۆیەوە جیا لە غەیری خۆی

[٨٩] ئیمامی خواناسان سەرۆکی هەردوو ڕێگاکە لە تەریقەی قادری و نەقشەبەندی زاناو زاهیدی سەردەمی خۆی ئەبو قاسم شێخ جونەیدی بەغدادیە (قدس سره) (و٢٩٧هـ)
بزانە: ئیبن وتەیمیە (قدس سره) چۆن وەسفی ئەکات (لەبەر هەندێ شیخ جونەید گەورەی ئەو کۆمەڵەیە ئیمامێکی سەر ڕاستە و ڕێنمویی کراوە (....) وە لە شوێنێکی تردا هاتووە: (جونەید و ئەوانەی وەکوو ئەون پێشەوای سەر ڕاست و ڕێنمویی کراون (مجموع الفتاوی)(ب٥/ل٢٩٢-٢٩١).

ئەوەیە کـە دڵـەکان بڕوایـان پـیٚ هەیـە، وە ویژدانـەکان لەسـەری پێچراونەتەوە، وە زمان و ئەندامەکان ناجوڵێنــەوە بــەو زیکــرەوە، ئەمەش وەکوو هەیبەتی خـواو بەگـەورەزانینی خـواو گـەورەیی و شکۆمەندی خوا وە هەبوونی ترسی خوا (ﷻ)، ئەمانە گشـتی لـە نێوان بەندەو پەروەردگاریەتی هیچ کەسێك نایزانێت تەنها کەسـێك کە زانستی غەیب ئەزانیٚ (کە خوای گەورەیە(ﷻ)) بەڵگەش لەسەر ئەمـە قسـەی خـوای گەورەیـە ﴿يَعْلَـمُ مَـا تُكِـنُّ صُـدُورُهُمْ وَمَـا يُعْلِنُونَ﴾[٩٠]، وە هاو وێنەی ئەویش، ئەمانە کۆمەڵە شتێکن خوای گەورە (ﷻ) ستایشی خۆی کردووە، جا ئەوە هەر بۆ ئەوە بەتەنیا، بەلاٚم ئەوەی کە فریشتەکان ئەم کارەیان پیٚ ڕاسـپێردراوەو ئـەیزانن ئەوە قسەی خوای گەورەیە ﴿مَـا يَلْفِـظُ مِـنْ قَـوْلٍ إِلاَّ لَدَيْـهِ رَقِيـبٌ عَتِيدٌ﴾[٩١] وە ﴿كِرَاماً كَاتِبِينَ ◉ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ﴾[٩٢] جـا ئەمەیـە کە فریشتە پارێزەرەکان پێیان ڕاسپێردراوە لەوەی کە لە زمانیـەوە

[٩٠] النمل ٧٤ واتە: ( یا محمد پەروەردگارت ئاگادارە بەوەی کە ئەوان لەسینگەکانی خۆیان ئەیشارنەوە، وە لەوەش کە دەری ئەخەن لە قسەو کرداردا).

[٩١] ق ١٨ واتە: ( هەر قسیەکی کە لەدەم دەردەپێت خێرا فریشتەیەکی چاودێری ئامادە قسەکە دەنوسیٚ و تۆماری دەکات) .

[٩٢] الإنفگار ١١ واتە: ( بێگومان ئێوە چاودێرتان لەسەر دانراوە ، کەفریشتە بەڕێزەکانن ، تۆمارکەری قسەو کردەوەی مرۆڤن) .

دەرئەکەوێت و قسەی پێ ئەکات، وە لەوەی کە ئاشکرای ئەکەن، وە ئەمان کاری خۆیان جێ بەجێ ئەکەن لەوەی کە دەرئەکەوێت بەهۆی هەوڵ و تێکۆشان، وە ئەوەی شاردراوەتەوە لە دڵەکان لەو شتانەی کە بەئەندامەکانەوە دەرنەکەوتووە، وە لەوەی کە دڵەکان بڕوایان پێ هەیە، جا ئەمە خوای پەروەردگار خۆی ئەیزانێ واتە: (تایبەتە بەو)، وە هەموو ئەو کردەوانەی کە بەدڵ ئەکرێت و ئەم داینەمەزراند و لەویژدانەکانیش تێپەڕی نەکرد ئەوە وەکوو ئەوە واتە: (ئەمان ئەینوسن)، وە ئەو هەواڵەش کە ڕیوایەت کراوە دەربارەی گەورەیی کاری نهێنی بەسەر کاری ئاشکرادا، وە کاری نهێنی پلەکەی لە حەفتا جار زیاتر ئەبێت بەسەر کاری ئاشکرادا، هەر بەو جۆرەشە (والله أعلم) هەر کەسێك کردەوەیەك بۆ خوا بکات جا ئەگەر شاردیەوە ئەوە بەڕاستی پێی خۆش بووە خوا بەتاك بگرێت (ﷻ) تەنها ئەم ئاگادار بێت بەکردەوەکەی ئەو واتای ئەمە: خۆی بێ ئیحتیاج و پێویستی بکات بەزانینی خوا (ﷻ) کەوا بەسەریەوە ئاگادارە لە چاو زانینی غەیری خوا (کە هیچ سوودێکی پێ ناگەیێنێ)، وە ئەگەر دڵێك بێ ئیحتیاج و پێویستی بوو بەزانینی خوا، ئەوە لە کردەوەکانی نیازپاك ئەبێت، وە نیەتەکەی لار ناکاتەوە بۆ غەیری ئەو، جا ئەگەر خوای گەورە (ﷻ)

ڕاستگۆیی نیەتی بەندەی بۆ دەرکەوت کە تەنها ئەوی مەبەستە، وە غـەیری ئـەوی لابـرد (لـە دڵـی) ئـا ئەوکاتـە ئـەم کـردەوەی لـە کردەوەکانی کەسە موخلیسەکان و پیاوچاکەکان کە کاریگەرن بەخوا نەك بە غەیری ئەو بۆ هەژمار ئەکات و بـۆی ئەنوسـێ، وە خـوای گـەورە (ﷻ) لەبـەر ئـەوەی  زانایـە بـە ڕاسـتگۆیی ئـەو ئـەوە پاداشتەکەی بۆ حەفتا جار زیاتر ئەکات  لە چاو کردەوەی کەسـێك کە ئەو ڕێزو قەدرەی لە خوا نەناوە (والله أعلم)[٩٣].

## * پاڕانەوە و کۆتایی *

پەروەردگارە لەو کەسانە بمان گێـڕی کـە کـۆتی چـاودێریت بەسـەر ئەندامـــەکانیان بەســـتووە، وە چـــاودێری نهـــێنی و وردەکارییـــەکانی موشاهەدەو شهودت بۆیان وێنـا کـردووە، پـەروەردگارە بـە هـاودەمی و هۆگری و چاودێری خۆت هێرشکە سەریان، ئەمان بەدانیشـتن و بـە پێـوە سەریان شۆڕکردووە بەخەجاڵەتەوە نێوچەوانیان لەکڕنوشدایە، لە دەرگـای تۆ ڕوومەتە نەرمەکانیان بەزەلیلی یەوە ڕاخستووە، بـەمیهرەبانی خـۆت ئەوەی داوایان کردووە پێ یـان ببەخشـە، وە صـەڵات و سـەلامی خـۆت بڕژێنە سەر خۆشەویست کە خۆشویستراوە، وەسیلەی گەورەی ئێمە بۆلای


---

[٩٣] ئەبو نوعەیم لە ( حلية الأولياء )(ب١٠/ل٢٦٤) ڕیوایەتی کردوە .

پەروەردگاری ویستراو، وە لەسەر ئال و یـاران و دۆسـتەکانی هـەتا ڕۆژی وادە پێ دراو، ئامین ئامین سوپاس بۆ پەروەردگاری تاك و پەرستراو.

﴿اللّهُمَّ◉ صَلِّ عَلى رَسُولِ اللَّهِ مُحَمّدٍ◉ وعَلى آلِهِ◉ صَلاةً تَكُونُ لَنا طَرِيقًا لِقُرْبِهِ◉ وتَأْكِيدًا لِحُبِّهِ◉ وبابًا لِجَمْعِنا عَلَيْهِ◉ وهَدِيَّةً مَقْبُولةً بَيْنَ يَدَيْهِ◉ وسَلّم وبَارِكْ كَذلِكَ أبَدًا◉ وارْضَ عَنْ آلِهِ وصَحْبِهِ السُّعَدا◉ واكْسُنا حُلَلَ الرِّضَا◉ والْطُفْ بِنا بِلُطْفِكَ فى الْقَضَا ـ يا لَطِيفُ يا واسِعُ يا عَليم◉ آمينَ آمين. والحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِين﴾.

**خزمەتکاری دین و ئوممەت**



**شێخ عەبباس فازڵ حەسەنی**

**عێراق-- سامەرا -- قەلعە**

## ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ ................................ ٧
کورتەیەك لەژیانی دانەر ............................ ١١
بەهەشتی خواناسان ............................. ١٥
هەستان بۆ شەو نوێژ ............................. ١٨
ڕێزداری هەندێك کات لای خوای مەزن ............... ٢١
گرینگی شەو نوێژ ................................ ٢٢
دابەزینی ڕەحمەتی خوا لەکاتی شەودا ................. ٢٥
خواپەرستی لەکاتی شەودا ........................... ٢٨
نوێژی وەتر ...................................... ٣٥
دوو ڕەکعەت سوننەتی پێش بەیانی ................... ٣٨
زیکرکردن دوای سوننەتەکە ......................... ٤٠
گرینگی کاتی بەیانی ............................. ٤٣
گشت ڕۆژێك خێرێك هەیە لەسەر لاشەکەت........... ٤٨
کاتەکەت بەنرخە مەیگۆڕەوە بەدونیا ................. ٥١
زیکرو پاڕانەوەی دوای نوێژەکان ...................... ٥٣
زیکری الله بە نهێنی لەدڵ و دەروونا ............. ٦١
هۆنراوەیەکی ئیمامی شافعی و ئیمامی ئەحمەد ......... ٦٩
گەورەیی زیکری نهێنی بەدڵ و دەروون ............... ٧٠

پاڕانەوەو کۆتایی .................................. ٧٣

# ناو نیشانمان لە ئینتەرنێت

/https://www.facebook.com/tawhid.knowledge

/http://www.tawhid-knowledge.com

## فەیسبووک

موقع التوحيد والمعرفة

پەیامەکانی حەق و نوور.... فرمێسکی چاوم ... بریندارى شاعر

عێڕاق / شاری سامەڕا / گەڕەکی قەلعە/ مزگەوتی رباط

تەنها شتێک تۆ بەخوا ئەگەیێنێ ئەویش خواپەرستی یە
لە بیرت نەچێ پلەکەشت بەندایەتی یە نەک گەورایەتی

